# توندوتیژیی وەزیفی دژی ژنان
# لە فەرمانگە حکومیەکاندا

نووسینی
کنێر عەبدوڵلا



هەواڵنامەی کتێب

# توندوتیژیی وەزیفی دژی ژنان

# لە فەرمانگە حکومیەکاندا

ناوی کتێب: توندوتیژیی وەزیفی دژی ژنان لە فەرمانگە حکومیەکاندا
نووسینی: کنێر عەبدوڵلا
بابەت: توێژینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 2000 دینار
ژمارەی سپاردن: 558 ی 2007
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی 2007
کوردستان -سلێمانی
www.sardamco.com

هەواڵنامەی کتێب

# توندوتیژیی وەزیفی دژی ژنان

# لە فەرمانگە حکومیەکاندا

(توێژینەوەیەکی زانستیی مەیدانییە لە هەردوو شاری سلێمانیو هەولێر
ئەنجامدراوە ساڵی 2006)

هەواڵنامەی کتێب

نووسینی

**کنێر عەبدوڵلا**

سلێمانی 2007

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (404)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

هەواڵنامەی کتێب

# پـێشـــکـــەشـــــە :

هەواڵنامەی کتێب

- بـەو مـرۆڤـانـەی خـەبـاتدەکەن لـەپـێناو نـەهێشـتنی تـوندوتیـژیدا.

- بـە رۆحـی ئـەو ژنـانـەی بـوونـەتە قـوربانـی توندوتیژی.

## سوپاس و پێزانین بۆ بەرێزان:

1- خاتوو نجات محمد فرج - مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سلێمانی .

2- خاتوو ئاواز عەبدوڵڵا ، هاوڕێم هەڵکەوت عەبدوڵڵا و گشت ئەو هاوڕێیانەی هاوکاریانکردم بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە.

3- یەکێتی ژنانی کوردستان ( لقی سلێمانی و هەولێر ) .

هەواڵنامەی کتێب

# پێرستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشکەشە بە | 5 |
| سوپاس و پێزانین | 6 |
| پێرستەکان | 7 |
| پێرستی خشتەکان | 9 |
| پێشەکی | 11 |
| دەروازەی یەکەم /لایەنی تیۆری | 13 |
| بەشی یەکەم/ | 15 |
| 1. ئامانجی توێژینەوە. | 16 |
| 2. گرنگیی توێژینەوە. | 17 |
| 3. ئاستەنگەکانی توێژینەوە. | 17 |
| 4. کێشەی توێژینەوە. | 19 |
| بەشی دووەم | 21 |
| تەوەرەی یەکەم/ خستنەڕووی چەمك و زاراوەکان | 22 |
| 1. توندوتیژی | 22 |
| 2. توندوتیژی دژ بە ژنان | 23 |
| 3. توندوتیژیی جێندەری | 24 |
| 4. توندوتیژیی وەزیفی | 24 |
| 5. ژنی فەرمانبەر | 25 |
| 6. خێزان | 25 |
| 7. کۆمەڵگە | 25 |
| 8. دەوڵەت | 26 |
| تەوەرەی دووەم | 27 |


هەواڵنامەی کتێب

توێژینەوەی پێشوو 27

**بەشی سێیەم/ جۆرەکانی توندوتیژی** 31

1. توندوتیژیی جەستەیی 33
2. توندوتیژیی دەروونی 33
3. توندوتیژیی سێکسی 34
4. توندوتیژیی سیاسی 34
5. توندوتیژیی کۆمەڵایەتی 35
6. توندوتیژیی تەندروستی 36
7. توندوتیژیی پەروەردەیی 37
8. توندوتیژیی ئابووری 38
9. توندوتیژیی یاسایی 39

**بەشی چوارەم/تەوەرەی یەکەم** 41

هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان 42

**تەوەرەی دووەم/ کاریگەرییەکانی توندوتیژی لەسەر ژنانی فەرمانبەر** 45

**دەروازەی دووەم/لایەنی مەیدانی** 47

**بەشی یەکەم/دەروازەی یەکەم** 49

سنوری توێژینەوە 50

نموونەی توێژینەوە 50

ئامرازی توێژینەوە 51

میتۆدی توێژینەوە 51

**دەروازەی دووەم/ خستنەڕووی گریمانەکان** 52

**بەشی دووەم/** 101

**شیکردنەوەی خشتەکان** 101

**ئە نجامەکان** 102

**پێشنیاروچارەسەرەکان** 107

**سەرچاوەکان** 109

**پاشکۆکان** 114


هەولنامەی کتێب

# پێرستی خشتەکان


| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| خشتەی (1) | تەمەنی بەشداربوان | 52 |
| خشتەی (2) | شوێنی لەدایکبوون | 54 |
| خشتەی (3) | شوێنی نیشتەجێبوون | 55 |
| خشتەی (4) | جۆری خانوو | 56 |
| خشتەی (5) | ئاستی خوێندن | 57 |
| خشتەی (6) | باری کۆمەڵایەتی | 59 |
| خشتەی (7) | ژمارەی ئەندامانی خێزان | 60 |
| خشتەی (8) | باری ئابووریی خێزان | 61 |
| خشتەی (9) | تەمەنی چوونە ناو ژیانی هاوسەرێتی | 62 |
| خشتەی (10) | ماوەی ژیانی هاوسەریێتی | 63 |
| خشتەی (11) | جۆری پێکهاتنی ژیانی هاوسەریتی | 64 |
| خشتەی (12) | ژمارەی بەڕێوەبەری فەرمانگەکان | 66 |
| خشتەی (13) | بوونی دایەنگە لە فەرمانگەکاندا | 67 |
| خشتەی (14) | ژنانی فەرمانبەر چۆن ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە | 68 |
| خشتەی (15) | هۆکارەکانی توندوتیژی | 69 |
| خشتەی (16) | کێن ئەوانەی توندوتیژی دەکەن | 71 |
| خشتەی (17) | بوونی جیاوازی لەگەڵ ژنانی فەرمانبەر | 73 |
| خشتەی (18) | هۆکارەکانی جیاوازی | 74 |
| خشتەی (19) | دەرفەتی کارکردن | 76 |
| خشتەی (20) | هۆکارەکانی کەمیی ژنان لە پۆستە باڵاکاندا | 78 |
| خشتەی (21) | هەڵوێست وەرگرتنی ژنانی فەرمانبەر | 80 |

| | | |
|---|---|---|
| خشتەی (22) | هۆکارەکانی بێدەنگبوونی ژنان | 82 |
| خشتەی (23) | ئامادەیی ژنان بۆ وتنی ڕاستیەکان | 84 |
| خشتەی (24) | ئاسەواری بەجێهێشتنی توندوتیژی | 85 |
| خشتەی (25) | چارەسەر بۆ توندوتیژی | 87 |
| خشتەی (26) | کام لەم ڕۆڵانە بەکاری ژنان دەزانرێ | 89 |
| خشتەی (27) | پاڵنەرە سەرەکیەکانی کارکردنی ژنان | 90 |
| خشتەی (28) | هۆکارەکانی توندوتیژی | 92 |
| خشتەی (29) | لە کوێی تر ژنان دووچاری توندوتیژی دەبنەوە | 94 |
| خشتەی (30) | ناساندن و بەرپرسیارێتی توندوتیژی | 96 |
| خشتەی (31) | منداڵ چەند توندوتیژ دەبێ لە خێزاندا | 98 |


هەواڵنامەی کتێب

# پـێـشـــەکـــی

بێگومان هاتنەدەرەوەی ژنان لە ماڵەوەو بەشداریکردنیان لە ناوەندەکانی بڕیارو دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردنو دادوەریداو گەیشتنیان بە پلەی وەزیر، جێگری وەزیر، ئەندام پەرلەمانو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانیەکان تا دەگاتە بوارە پیشەییەکانی وەك ئەندازیار، دادوەر، پزیشك، مامۆستاو ڕۆژنامەنووس، هەوڵدانی زۆری پێویستە، بەتایبەت لە بارودۆخی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردەواریدا، کە هەمیشە هەموو ئەرکەکانی ژیانی هاوسەرگیریو منداڵ بەخێوکردنو ڕاییکردنی کارەکان بە ئەرکی سەرەکیی ژنان دادەنرێ. ئەمەش وایکردوە، هاتنەدەرەوەی ژنان لە ماڵەوە بەهەر ئامانجێك بێت، دەبێتە مایەی گرانکردنی باری شانی ژنان. سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییە خێراو پێشکەوتنانەی ئیمڕۆ کە پێویستیی کارکردنی ژنانی هێناوەتەئاراوە، بۆ ئەوەی لەسەرجەم بوارەکاندا خۆیان بسەلمێنن، وەك پەروەردە، سیاسەت، ئابووریو کارگێڕیدا...هتد.

سەرەڕای گشت هەوڵەکان، دەبینین تا ئیمڕۆ تێڕوانین بۆ ژن وەك مێینەیەکەو گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە. بۆیە هەمیشە ئەنجامی ئەوە دووچاری چەندین گرفتو جیاوازیی جۆراوجۆر دەبێتەوە لە بواری کارکردندا، ئەمە بێجگە لەناو خێزانەکانو کۆمەڵگەدا. هەموو ئەو جیاوازییە جۆربەجۆرانەش پێویستیی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیان هێناوەتەکایەوە، چونکە ئەنجامی ئەو جیاوازیانە کاریگەریی خراپی دەروونی بۆ ژنان لێ کەوتۆتەوە. وێڕای ئەوانەیش، هۆکاری جۆربەجۆر هەن سەبارەت بە دەرککردنی ژنان بە جۆرو شێوازو بوونی ئەو دەستدرێژیکردنانەی دەکرێنە سەر ژنان لە نێوەندەکانی کارکردندا.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# دەروازەی یەکەم

# لایەنی تیۆری

# بەشی یەکەم

هەواڵەی کتێب

1- ئامانجی توێژینەوە
2- گرنگیی توێژینەوە
3- ئاستەنگەکانی توێژینەوە
4- کێشەی توێژینەوە

# بەشی یەکەم

## 1. ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: زانینی ڕادەو جۆری ئەو توندوتیژیانەی ڕووبەڕووی ژنانی فەرمانبەر دەبێتەوە، لەنێو دامودەزگا حکومیەکانداو لەلایەن بەرپرس، لێپرسراو یان هەر کەسێکی تری نێو فەرمانگەکە، لە هەردوو شاری سلێمانیو هەولێر، بێجگە لەو توندوتیژیانەی ژنان لەنێو خێزانو کۆمەڵگەدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە، ئەمەش لەلایەن کەسوکار یان هاوسەرو هەر نێرینەیەکی تری کۆمەڵگەوە. ئەو ئامانجەش دەکرێت لەم پرسیارانەدا پوختبکرێتەوە:

1. تا چەند ژنانی فەرمانبەر لە بواری کارکردنیاندا ڕووبەڕووی جۆرەکانی توندوتیژی دەبنەوە؟
2. تا چەند جیاوازیی جیندەری لە بواری کارکردندا بوونی هەیە؟
3. ئایا توندوتیژیی خێزانی ڕووبەڕووی ژنانی فەرمانبەر دەبێتەوە؟
4. هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنانی فەرمانبەر لەنێو دامودەزگا حکومیەکاندا بۆچی دەگەڕێتەوە؟
5. پاڵنەرە سەرەکییەکانی کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ لەچیدا خۆی دەبینێتەوە؟
6. شێوازەکانی توندوتیژیو ڕادەی گێچەڵپێکردنی سێکسی بەژنانی فەرمانبەر لەنێو ژینگەی کارکردندا لەچ ئاستێکدایە؟
7. ئایا دەرفەتی کارکردنی زیاتر دەخرێتە بەردەم کام ژنی فەرمانبەر؟
8. ئاسەوارو کاریگەرییەکانی توندوتیژی دژ بە ژنانی فەرمانبەر کامانەن؟
9. هەڵوێستی ژنانی فەرمانبەر کاتی ڕوودانی توندوتیژی لە دژیان چۆنە؟

10. بەرپرسیارێتی و ئەرکی ناساندنی توندوتیژیی دژی ژنانی فەرمانبەر لەنێو دامودەزگا حکومیەکاندا لە ئەستۆی کێدایە؟

11. چارەسەری کەمکردنەوەو نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانی فەرمانبەر چییە؟

## 2. گرنگیی توێژینەوە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: ناسینی ئاستو ڕادەو دیاریکردنی جۆری ئەو توندوتیژیانەی دەرهەق بە ژنانی فەرمانبەر دەکرێت لەنێو دامودەزگا حکومیەکانی هەرێمی کوردستاندا. زانینی هۆکارو هەڵوێستی ژنانی فەرمانبەر، کاتی پیادەکردنی توندوتیژی لە دژیان. هەڵهێنجانی دەرئەنجامەکانی توندوتیژیی دژی ژنانی فەرمانبەر لە هەردوو شاری سلێمانیو هەولێر. دەرخستنی بەراورد لە نێوان هەردوو شاری ناوبراودا سەبارەت بە بارودۆخی ژنانی فەرمانبەر لە ڕووی ئەو توندوتیژیانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەمە جگە لە کەمیی سەرچاوەو داتاو لێکۆڵینەوەی زانستیی لەم بوارەدا.

## 3. ئاستەنگەکانی توێژینەوە:

بێگومان هەرکاتێك توێژەر هەوڵی بەزاندنی سنوری ئەو شارە بدات کە تیایدا دەژیو بیەوێ ڕووبەری توێژینەوەکەی لە ڕووی مەیدانیەوە بەرفراوان بکات، ئاستەنگو ڕێگری زۆری دێتە بەردەمو دەتوانم ئەو ئاستەنگانە لەم خاڵانەدا کۆبکەمەوە:

1. کەمی یان دەگمەنیی سەرچاوە لەسەر توندوتیژی وەزیفی بە زمانی کوردیو عەرەبی.
2. کەمیی کادری پسپۆڕو شارەزا لە بواری پڕکردنەوەی فۆرمدا.

3. سەختیی شێوازەکانی هاتوچۆو شوێنی حەوانەوە کاتی سەفەرکردن بۆ شارێکی دیکەو قورسیی بەسەرکردنەوەی فەرمانبەرانی نێو دامودەزگا حکومیەکان بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکان، بەتایبەتی لە شاری هەولێر کە خۆم دانیشتووی ئەو شارە نیم.

4. نەبوونی دامەزراوە یان سەنتەرێکی تایبەت بەهاوکاریو ئاسانکاریی بۆ هەر توێژەرێك بیەوێ توێژینەوەیەك بەئەنجام بگەیەنێ لە دەرەوەی شاری خۆی.

توێژینەوەکە زانستییەو دوو لایەنی سەرەکی (تیۆریو پراکیتیکی) لەخۆگرتوە، لە هەردوو شاری سلێمانیو هەولێر ئەنجامدراوە، کە مەیدانیانە فۆرمی ڕاپرسی لەنێو سەرجەم بوارە جۆربەجۆرەکانی دامودەزگا حکومیەکانی هەرێمی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە. لەبەشی یەکەمی لایەنی تیۆریدا، سەرجەم چەمكو زاراوە پەیوەندیدارەکان پێناسەکراون، لەوانە: توندوتیژی، توندوتیژیی دژبە ژنان، توندوتیژیی وەزیفی...هتد. هەروەها توێژینەوەکانی پێشوو خراونەتەڕوو و لە بەشی دوەمدا باسی جۆرەکانی توندوتیژی کراوە . لە بەشی سێیەمیشدا هۆکارەکانی توندوتیژی دژبە ژنانو کاریگەرییەکانی لە دوو تەوەرەی جیاوازدا باسکراون.

لە لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکەدا باسی سنورو نموونەو ئامرازی توێژینەوەکە کراوەو چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، ئەمە جگە لە نیشاندانی گریمانەکان. لە بەشێکی تری لایەنی مەیدانیدا، باسی شیکردنەوەو ئەنجامەکان کراوە، بێجگە لە خستنەڕووی پێشنیازو چارەسەرەکان. لەکۆتاییشدا بە سەرچاوەکانو پاشکۆکان کۆتایی بەتوێژینەوەکە هاتوە.

## 4. کێشەی توێژینەوە.

ئەم توێژینەوەیە کێشەی توندوتیـژیی دژ بـە ژنـانی فەرمانبـەری نێـو دامودەزگـا حکومیەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەردەکات، ئەویش لەم گۆشەنیگایانەوە :

1- ئاسـتی دیـاردەی توندوتیـژی دژبـە ژنـانی فەرمانبـەرو ڕادەی تەشەنەکردنی لەنێو سنووری توێژینەوەکەدا.

2- –پاڵنەرە سەرەکییەکانی توندوتیژی.

3- جـۆرو شـێوازەکانی ئـەو توندوتیژیانـەی لـەنێو دامودەزگـا حکومیەکاندا پیادەدەکرێن.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم

## تەوەرەی یەکەم

خستنەڕووی چەمكو زاراوەكان

1- توندوتیژی.

2- توندوتیژیی دژ بە ژنان.

3- توندوتیژیی كۆمەڵگە.

4- توندوتیژیی جێندەری.

5- توندوتیژیی وەزیفی.

6- ژنی فەرمانبەر.

7- خێزان.

8- كۆمەڵگە.

9- دەوڵەت.

## تەوەرەی دووەم

## توێژینەوەكانی پێشوو

# بـەشی دووەم /تـەوەرەی یـەکــەم

## خـستنەڕووی چـەمكو زاراوەكـان

### تــونـدوتــیـژی Violence:

توندوتیـژی، لـە ڕووی زمانەوانیـەوە، لـە دوو وشـەی لاتینـی (Vio) واتـە هێـزو وشەی(Fero) واتە هەڵگر پێكهاتووەو بەمانای (هـەڵگری هێـز) دێـت، یـان مەبەسـتی پیادەكردنێتی بەرامبەر كەسێك یان هەر شتێك.

بـەهۆی فرەجـۆری و شـێوازی توندوتیـژی لەلایـەكو بـوونی ڕەهەنـدی فكـریو ڕۆشـنبیری جیـاواز لەلایـەكی دیكـەوە، توندوتیـژی پێناسـەی زۆری بـۆ دەكرێـتو بونیـشی لەسـەرجەم كۆمەڵگـەكانی دنیـادا هەیـە، بـەڵام شـێوەو بـەكارهێنانی لـە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكـە دەگـۆڕێ. بۆیـە دەكرێت بەشـێوەیەكی گـشتی بـەم شێوەیە پێناسەی توندوتیژی بكرێت:

توندوتیژی: كردەوەیەك یان ڕەفتارێكی دوژمنكارانەیە لایـەنێك پیـادەی دەكـات، ئەو لایەنە تاكەكەس بێـت یـان گـروپ، چینێكی كۆمەڵایـەتیو دەوڵـەت، بـەئامانجی ملكەچكردنی لایەنی بەرامبەر. ئەمەش ئەنجامی ناهاوسەنگیی هێزو توانای ئابووری، ڕامیاریو كۆمەڵایـەتی كـە دەبێتـە هـۆی زیانگەیانـدنی مـادی، مەعنـەویو دەروونـی بەلایەنی بەرامبەر.

دەرونزانەكان بەم شێوەیە پێناسەی توندوتیژی دەكەن: ئەو هەڵسوكەوتەیە كـە بەتوندیو ناخۆشیو ڕق دەناسرێتەوەو گەشـە بـە پاڵنـەرە دوژمنكارییـەكان دەدات، ئەمەش بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ وەك لێدانو كوشتنی تاكەكان. كەچـی یاسـازانەكان پێیانوایە توندوتیژی بریتییـە لـە ئـازارو ئەشـكەنجەدان، بـە قـسە یـان كـردەوە، لـە

ڕەوشی بەیەکدادانی دوولایەندا. بەپلەی یەکەم ڕەوشتێکە لەخودی خۆیدا لێی دەکۆڵرێتەوە، بەلاّم دابڕاونییە لە بوونو یاساو ڕێڕەوە مێژوییەکان. ئەمە جگە لەوەی دیاردەیەکی خۆرسکو هەرەمەکی نییە، بەڵکو ئامادەییەکی هۆشمەندانەی تاك یان کۆمەڵە کەسانێکە.

د. شەهلا ئیفرازی– کۆمەڵناس، لە ڕوی کۆمەلاّیەتیەوە بەشێوەیەك باس لە توندوتیژی دەکات کە ناوەڕۆکی نابەرابەری هێزو توانا لەخۆدەگرێت.

## 1. توندوتیژی دژ بە ژنان:

یەکێکە لە تاوانەکانی هێزو جڵەوگیریو لە چوارچێوەی ژمارەیەکی جیاوازی جۆرەکانی پەیوەندیدا دروست دەبێتو شێوەی جیاواز وەردەگرێتو دەشێت لەنێوان ژنو مێرد، خوشكو برا، هاوڕێکانو دوو کەسدا ڕوودەدات کە جۆرە پەیوەندیەك پێکیانەوە گرێدەدات.

توندوتیژی دژی ژنان چەندین شێوازی جۆربەجۆر لەخۆدەگرێ، لەوانە: توندوتیژیی دژی ژنان بەهۆی مێینەبوونەوەو بەکارهێنانی هەموو شێوەیەکی زەوتکردنی ئازادیو پێشێلکردنی گشت ئەو مافانەی هەیەتیو لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی دانی پێدا نراوە.

د.لیلی عبدالوهاب پێیوایە، توندوتیژی ئەو ئاکارو کردارەیە دژی ژنان ئاڕاستەدەکرێت، جا ئەو ژنە دایك بێت یان خوشكو کچ، کە بەری جیاوازی، چەوساندنەوەو نەهامەتیی دوژمنکارانەیە لە پەیوەندیی ناهاوسەنگی نێوان ژنو پیاودا.

## 2. توندوتیژیی کۆمەڵگە:

ئەو توندوتیژییەیە کە ئەنجامی کاردانەوە ڕووبەڕووی ژنانی فەرمانبەر دەبێتەوە، ئەویش لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە بەشێوەی گومان یان هاندان یاخود ڕەتکردنەوەی خودی کاری وەزیفی.

## 3. توندوتیژیی جێندەری:

ئەو توندوتیژییەیە کە کۆمەڵگە بەهۆی دابەشبوونی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیەوە دروستی دەکات، ئەویش لەسەر بناغەی ڕۆڵی بایەلۆجی هەریەکێك لە دوو ڕەگەزەکە، پشتئەستوور بەکۆمەڵێك تێڕوانینو بنەماو دابونەریت کە دەبنە هۆی نایەکسانی.

## 4. توندوتیژیی وەزیفی:

ئەو توندوتیژییەیە کە لەلایەن خاوەن کار یاخود لێپرسراوی کارەوە دووچاری ژنانی فەرمانبەر دەبێتو لەسەر بناغەی جیاکاریی ڕەگەزیو نەبوونی یەکسانیو دادپەروەریی لە مافو ئەرکدا، سەرەئەنجام ئازاری جەستەیی، دەروونی، یاساییو ئابووری بۆ ژنان لێ دەکەوێتەوە. لەلایەکی دیکە، گێچەڵپێکردنی سێکسی لە شوێنی کارکردن یان دامودەزگا حکومییەکاندا، چەندین ڕەوشتی توندڕەوانە لەخۆدەگرێ، ئەوەش بەتایبەتی لە هەڵسوکەوت، قسەکردن، کردەوە، جموجۆڵو نووسیندا دەردەکەوێو دەشێت کاریگەریی هەبێت لەسەر کەسایەتیو کەرامەتی ئەو کەسە یان سەلامەتیی جەستەییو دەروونی، سەرەنجام هەڕەشە لە جۆری کارەکەی دەکات یان دەبێتە هۆی گەندەڵیو تێکشکانی بارودۆخی کارکردن.

## 5. ژنـی فەرمانبەر:

ئەو ژنەیە کە لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان کارێك ئەنجامدەدات، بەمەبەستی بەدەستهێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتیو دەستکەوتێکی ئابووری.

کامیلیا عبالفتاح بەم شێوەیە پێناسەی ژنی فەرمانبەر دەکات: ئەو ژنەیە کە کارێك لە دەرەوەی ماڵ ئەنجامدەدات بۆ بەدەستهێنانی پاداشت بەرامبەر بە کارەکەی.

## 6. خـێزان:

ئەو یەکە سەرەکییەیە کە کۆمەڵگەی لێ پێکهاتوە، کۆمەڵە کەسێکە لە ماڵێکدا دەژینو هەڵگری پەیوەندییەکی توندوتۆڵی کۆمەڵایەتینو بەرژەوەندیو ئامانجی هاوبەش پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

ملیحە عەونی بەم شێوەیە پێناسەی خێزان دەکات: یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوو وابەستەیە بەدابونەریتو یاساوەو بەو پەیوەندییە جیاکارانەش جیادەکرێتەوە کە لە نێوان بەشداربوانو پێکهێنەرانی ئەو یەکەیدا هەن، وەك پیاوو ژنو منالْ. خۆ ئەگەر خێزانەکە گەورەش بێت، ئەوا پەیوەندییەکە خزمەکانیشیان دەگرێتەوە.

## 7. کـۆمەڵگـە:

کاتێك باس لە کۆمەڵگا دەکرێت، مەبەست یەکەیەکی کۆمەڵایەتیەو لەناویدا زۆربەی زۆری هەڵسوکەوتەکانی تاك جێبەجێدەبێت. دەکرێت کۆمەڵگە بەزاراوەی وەك پەیوەندی، تۆڕی پەیوەندیو پێکهاتەکانی پێناسەبکرێت.

## 8. دەوڵــەت:

خەسڵەتی دەوڵەت، وەك ڕێکخراوێکی سیاسی، ئەوەیە کە گروپێکی دیـاریکراوی بـچووك دەسـەڵاتیان بەسـەر ئـەو دانیـشتوانەدا هەیـە کـە لـە سـنورێکی دیـاریکراوی ناوچەییدا دەژین. ئەو گروپە بچووکەش خۆی پێکهاتەیەکی هەرەمی هەیـەو کەسـێك جێگەی سەرەوە دەگرێت.

# تــەوەرەی دووەم/تـــوێـژینـەوەکــانی پێـشــوو

بوونی توێژینەوەی تایبەت بە ژنانی فەرمانبەر لەناو دامودەزگا حکومیەکانـدا زۆر دەگمەنـەو دەتـوانم بڵـێم هــەر نییــە. بۆیــە لــەم توێژینەوەیــەدا ســوودم لــە هەنـدێ توێژینـەوە وەرگرتـوە کـە بـە زمـانی کـوردیو عـەرەبی بڵاوکراونەتـەوەو کـەمێك لـە بابەتەکەوە نزیکن:

1) توێژینەوەیـەك کـە سـاڵی (2005) لەلایـەن لیژنـەی ژنـانی ئەنجومـەنی پارێزگـای سـلێمانیەوە ئەنجامـدراوەو سـنوری پارێزگاکـەی گرتۆتـەوە، واتـە (شـارو دەوروبــەری) کــە (624) فــۆرم بەســەر ژنــانی فەرمانبــەری نــاو دامودەزگــا حکومییــەکانی پارێزگاکــەدا دابەشــکراوەو فۆرمــەکان بەشــێوەی ڕاســتەوخۆ پڕکراونەتـەوە. مەبەسـتی توێژینەوەکـە ،دیـاریکردنی ئەولـەویاتی کێشەکانی ژنـانی فەرمانبـەر بـوو لـە نـاو دامودەزگـا حکومییەکانـدا کـە چـەندین بـواری جۆراوجـۆری لـەخۆگرتبوو، وەك: ڕۆشـنبیری، کـارگێڕی، تەندروسـتی، پـەروەردە، کۆمەڵایـەتی، ئابووری...هتد

2) "العنف ضد الزوجة في المجتمع الاردنـي" توێژینەوەیـەکی کۆمەڵایەتیـە بـۆ ژمارەیەك لە خێزانەکانی پارێزگای عمـان نووسـەرەکەی (امـل سـالم العـواده)و سـاڵی 2002 بەچاپ گەیەندراوەو باس لە ڕەوشی ژنان لە کۆمەڵگـەی ئەردەنـدا دەکـات، وەك نموونەیەکی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان کە هاوشێوەی یـەکن لـە ڕووی دەسـەڵاتو زاڵێتی ئەقڵیەتی باوکسالاریو ڕەنگدانەوەی لەسەر سەرجەم خێزانەکان.

ئەم توێژینەوەیـە پێـنج بەشـی لـەخۆگرتوەو تیایـدا چـەمکی توندوتیـژیو جـۆرو هۆکارەکـانی ڕوونکراوەتـەوەو گرێدراوەتـەوە بـە بنیـادی کۆمەڵایـەتی کۆمەڵگـەی

ئەردەنــەوە. ئەمــە جگــە لــە دەرخــستنی چــەندین نموونــەی واقعــی جۆرەکــانی توندوتیژیی دژ بە ژنان، لە ڕابردوو و ئێستادا.

3) "توندوتیــژی خوێندنگــە لەســەرخوێندکاری قۆنــاغی ناوەنــدیی کــوڕان": توێژینەوەیــەکی کۆمەڵایــەتی دەروونیــی مەیدانییــە ئایــاری 2004 لــە شــاری سلێمانیو لەلایــەن خوێنــدکارانی زانکــۆوە ئەنجامــدراوەو دوو لایــەنی لــەخۆگرتووە: (تیۆریو پراکتیکی)و ئامانجی دەرخستنی ئـەو هۆکـارو کاریگەرییانەیـە کـە دەبێتـە خستنەوەی توندوتیژیی لە خوێندنگاکاندا، جگـە لـە زانینـی ڕادەی کـارتێکردنی ئـەو توندوتیژییە لەسەر بـاری دەروونـیو ئاسـتی ڕۆشـنبیریو کۆمەڵایـەتی هـەرزەکارانی خوێندنگە ناوەندییەکان.

4) "العاملة ملخص الدراسة الوطنية حول العنف ضد المرأة" کە نووسـەرەکەی (امل سالم العوادە)و باس لەو توندوتیژییە دەکـات کـە ڕووبـەڕووی ژنـانی کارگـەر لـە کۆمەڵگەی ئەردەنـدا دەبێتـەوە، ئەمـەش لەلایـەن خاوەنکـارو خێـزانو کۆمەڵگـەوە. ئـەنجامی گفتوگـۆکردن لەگـەڵ (527)ژنــی کارگــەرو دابەشــکردنی ئــەو فۆرمانــە بەشـێوەیەکی هەرەمــەکی. ســەرەنجام کۆمــەڵێك دەرئــەنجامی ڕوونو ئاشــکرا لــە توێژنەوەکە کەوتۆتەوە کە تایبەتن بە ژنانی کارگەر، لەوانە ٪46 ی خاوەنکـار ئـەو ژنانـە بـۆ کـارکردن بـە بـاش دەزانـن کـە شـوویان نـەکردوە، لەبـەر ئـەوەی گرفـتو بەرپرسیارێتیان کەمترە.

5) توێژینەوەکەی (علي المضايلة) کـە سـاڵی 1995 بـۆ لێکۆلینـەوەی کێشە کارگێڕییەکانی ژنـانی فەرمانبـەر لـە کـەرتی گـشتیی وڵاتـی ئەردەنـدا ئەنجامیـداوە، بەمەبەستی ناسینی هەندێ لەو کێشە کارگێڕییانەی ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە، لەبەر مێینــەبوونیان. توێژینەوەکـەش (381) کارگـەری لـەخۆگرتبوو، کـە دابەشـببوون بەسەر (7) وەزارەتی ئەردەندا. دەرئەنجامی کارەکە ئەوەبوو کـە (٪7)ی نموونـەی توێژینەوەکـە ئامـاژە بـۆ توندوتیـژیی لێپرسـراوان دەکـات. هـەروەها بەڕێـژەی(

٪47,5 ) جەختدەکاتەوە لەسەر ڕێگرتنی بەرپرسان لە دەرفەتی بەدەستهێنانی کارە گرنگەکان لەلایەن ژنانی فەرمانبەرەوە. ئاماژەش بەوە دەکات کە لێپرسراوان بەڕێژەی( ٪50) بەچاوی نزمەوە سەیری توانـاو شـارەزاییو لێهاتوویی ژنـانی فەرمانبـەر دەکـەن. هـەروەها توێژینەوەکـە بەڕێژەی (٪1) جـەخت لەسـەر کـەمی دەرفەت لەبەردەم ژنانو بەشداریکردنیان لە خولی ڕاهێنانەکاندا دەکاتەوە بەراورد لەگەڵ پیاوان. (٪59) دەریدەخات کە ژنان بەشداریان پێ ناکرێت لەو بڕیارانەی کە دەرهەقیان دەردەکرێ. (٪7) ژنانی فەرمانبەر وا دەزانن فەرمانبەرانی پیاو باوەڕ بە کارکردنی ژنانی فەرمانبەر ناکەن. بەدەر لە وەی (٪83) یان پێیانوایە پیاوانی فەرمانبەر نایانەوێ ژنان بەرپرسی یەکەمیان بێت.

هەروەها توێژینەوەکە ئاماژەی بە ڕێژەی(٪20)ی ژنان کردوە کە لە بواری کارکردنیاندا دووچاری گێچەڵپێکردنی سێکسی دەبنەوەو دەرئەنجامی ئەوەش گوشارێکی دەروونی لەسەر ژنان بەجێدەهێڵێ.

# بەشی سێیەم

# جــۆرەکــانی تــونـدوتـیژی

1- توندوتیژی جەستەیی
2- توندوتیژی دەروونی
3- توندوتیژی سێکسی
4- توندوتیژی سیاسی
5 - توندوتیژی کۆمەڵایەتی
6- توندوتیژی تەندروستی
7- توندوتیژی پەروەردەیی
8- توندوتیژی ئابووری
9- توندوتیژی یاسایی

# بەشی سێ یەم/ جۆرەکانی توندوتیژی

بێگومان توندوتیژی دژ بە ژنان جۆری زۆری لێ دەکەوێتەوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونیان دەکەینەوە:

## 1. توندوتیژی لە چوارچێوەی خێزاندا:

واتە لێدان، دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵە بچووکەکانی خێزان، توندوتیژیی پەیوەندیدار بە مارەکردنەوە، ناچارکردنو بەزۆر چوونە لای هاوسەر، خەتەنەکردنی کچانو جۆرەکانی تری دابونەریت کە ئازار بە ژن دەگەیەنن، یاخود توندوتیژیی پەیوەندیدار بە بەکاربردنەوە (استغلال).

## 2. توندوتیژی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا:

واتە لاقەکردن، دەستدرێژیی سێکسی، تۆقاندن لە شوێنی کارکردنو دامودەزگا پەروەردەییەکانو هەر شوێنێکی تر، بازرگانیکردن بەژنانەوەو ناچارکردنیان بە لەشفرۆشی.

## 3. ئەو توندوتیژییەی دەوڵەت ئەنجامیدەدات یان چاوپۆشی لێ دەکات:

واتە ڕەوانەکردنی بانگەوازی بە پەلەو داوانامە ناردنی نێرەری دەرخستنی ڕاستییەکانو ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ دەربارەی کۆمەڵێك توندوتیژی دیاریکراو دژی ژنان. لەوانە لاقەکردن لەلایەن دامودەزگا حکومیەکان لە ماوەی ململانێی چەکداریو ئازاردان لە کاتی دەستگیرکردنیاندا. هەروەها ئەو توندوتیژیانەی لێپرسراوان دەیکەن دژ بە پەنابەرەکان.

لێرەوە دەتوانین ڕوونیبكەینەوە كە پیادەكردنی جۆرەكانی توندوتیژی هەریەك لەو چوار چێوانەدا لە چەند شێوەیەكدا خۆی دەبینێتەوە، لەوانە:

## 1) توندوتیژیی جەستەیی:

بەكارهێنانی هێزی جەستەییە بە شێوەیەكی مەبەستدار بەرامبەر كەسانی تر بەنیازی ئازاردانو زیان پێگەیاندنیان لە ڕووی جەستەوە، ئەمەش لە ڕێگەی لێدان بەدەست یان بە ئامێرێكی توند یاخود گازگرتن، خنكاندن، ڕاكێشانی قژ، چرنوكگرتنو بۆكس لێدانەوە، كە هەندێ جار توند لێدانەكە دەبێتە مایەی لە دەستدانی گیانی كەسەكە. ترسناكترین جۆریش، كوشتنی ژنانە لەپێناو شەرەفپارێزیدا. ئەمە سەرەڕای خەتەنەكردنی كچان كە دەبێتە هۆی خوێن لێڕۆیشتنی زۆر و لەدەستدانی گیان یاخود توشبوون بە هەندێ نەخۆشی وەك نەزۆكیو هەوكردن.

## 2) توندوتیژیی دەروونی:

زۆرترینو كاریگەرترین شێوەی توندوتیژییە كە پیادەدەكرێتو كاریگەریی دەبێت لەسەر بنیادی كەسایەتی ئەو مرۆڤە بەدرێژایی قۆناغەكانی تەمەنی. زۆرجار ئەم دیاردەیە بە توندوتیژیی ئەقڵی ناودەبرێتو دەشێت ئەمجۆرە بریتی بێت لە: خراپەكاری زمانەوانی بەردەوام، وروژاندن، داگیركردنی لەڕادەبەدەر، واتە دوورخستنەوەی ژن لە هاوڕێو كەسوكارەكەی، بێبەشكردنی لە سەرچاوەی ئابووریو سروشتیو ڕوشاندنی كەسایەتی. ئەمە وێڕای ناپاكیی هاوسەرێتی، سوكایەتیپێكردن، لۆمە، ڕقهەڵگرتن، گاڵتەپێكردن، ناچاركردنی ژنان بە پیادەكردنی سێكس یان بە زۆر دەركردنی ژن لە ماڵ، بێبەشكردن لە منداڵ، ڕێگرتن لە دەربڕینی بیروبۆچوونو پێشوازیكردنی میوان، هەروەها ڕێگرتن لە سەفەركردنو

کـارکردن لـە دەرەوەی مـاڵ. هەریـەکێك لەوانـەش ئاسـەواری دەروونیـی خـراپ جێدەهێڵێ.

## 3) توندوتیژیی سێکسی:

ئەمەش دەکرێت بە دوو بەشەوە:

أ- ئـەو جـۆرە توندوتیژیانـەی لـە دەرەوەی پەیوەنـدیی ژنو مێردایـەتی ئەنجامدەدرێن، ئەویش لە دەستدرێژیو لاقەکردندا خۆی دەبینێتەوە.

ب- ئەو زەبروزەنگە دەگرێتەوە کە لەناو چوارچێوەی خێزاندا ڕوودەدات. ئەم جۆرە کـەمترین قسەوباسی لەسـەر دەکرێ، بـەهۆی عەیبـەوە کـە خـۆی لـە مامەڵەو شێوازی سێکسدا دەبینێتەوە، وەك بە زۆر سێکسکردن، گێچەڵکردنی سێکسیو بەزۆر سکپڕکردنو منداڵ لەباربردن.

## 4) توندوتیژیی سیاسی:

واتە نەبوونی ئازادیی ڕادەربـڕین، بیرکردنـەوە، هەڵبـژاردنی بیروبـاوەڕو شـێوازە کولتوورییـە جیاوازەکـان. (مهر ئـەنگیزکار) دەنوسـێت: "توندوتیـژیی سیاسـی بـە پشتگیریی لوتکە ڕەسمیەکانی دەسەڵات، واتە حکومەت، دژی ژنان ئەنجامدەدرێت. ئـەمجۆرە بەشـێوەی غافڵکەرانـە لـە مافـە مرۆییـەکانی ژنـان لـە دەسـتوردا ڕەنگدەداتـەوە، لەبـەر پـشتیوانی نـەکردنی یەکـسانی مافـەکانی ژنو پیـاوو لـە بەڕێوەچوونی سیاسەتدا دەردەکەوێت." (شیرین عبادی) لەم بارەیەوە دەنوسـێت: "داڕێژەرانی دەستوور باوەڕیان بە یەکسانی ژنو پیاو نەبوە، بـەڵکو هەنـدێکیان لـە ڕێی کتێب، نوسراو وتاربێژەکانیانەوە گرنگیـان پـێ داوە." لـە بابەتێکدا هـاتوە، توندوتیژی هۆکارێکە بۆ گەڕانـەوەی ئاشـتیو یاسـا بـۆ جیهـان، ئەمـەش دەتوانێت بەتوندوتیژی سیاسیی ئۆتوکراتی ناوزەندبکرێت. لێرەوە لەوەدەگەین کە توندوتیژی

هێندەی ڕەهەندێکی سیاسیانەی هەیە، ئەوەندە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵام کاتێك بۆ ناو کایە کۆمەڵایەتیەکان دەگوێزرێتەوە، مانای وایە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان تەواو بە سیاسەت بارگاوی بووە. لێرەدا تێزی بەرژەوەندی بە زەقی دەردەکەوێت. هەربۆیە لە کتێبی "في العنف"دا، ئەمجۆرە توندوتیژییەی لەم ڕستەیەدا کورتکراوەتەوە: "هەموو سیاسەتێك، جۆرێکە لە کێشمەکێش لەپێناو دەسەڵاتدا، توندوتیژیش دوا پلەی دەسەڵاتە." خاتوو (شەهلا دەباغی) لەوتارێکیدا بەناوی "دەسەڵاتوسێکس" دەڵێ: "لە داڕشتنو دابەشکردنی نەخشەو دەسەڵاتدا، ژن ڕەگەزی دووەمەو شوێنێکی لە هەرەمی دەسەڵاتدا نییە، ئەگەر هەشیبێت لە ئاستی خوارەوەدایە. ئەو ژنانەی خاوەنی دەسەڵاتن، بەتایبەتی دەسەڵاتی سیاسی، دەگمەننو زۆرجار دەستووری پیاو سالاری بەڕێوەدەبەن.

فیمینیستیەکان گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە مافی دەنگدان بەتەنیا بەس نییە بۆ ژنان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ئەو ڕێوڕەوشتانەی بۆ چاکسازیی بارودۆخی ژنان پێویستن هەتا ببنە خاوەن دەسەڵاتی سیاسیو سەربەخۆییان هەبێ لە بڕیارداندا.

## 5) توندوتیژیی کۆمەڵایەتی:

توێژینەوەکان دەریانخستوە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی توندوتیژی، کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیەکانە کە بەگشتی بێبەشبوونی ژنان دەگرێتەوە لە پیادەکردنی کەسایەتیو مافە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیدا، واتە گەڕانەوە یان پابەندبوونی ژن بە داخوازیو داواکارییەکانی مێردەکەیەوە، ئەمەش لە ڕووی سۆزداریو بیروباوەڕەوە بەسنوردارکردنی تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگەداو ڕێگرتن لە ڕۆڵبینینی خۆی وەك مرۆڤێك. ئەمەش بۆخۆی کاریگەریی دەبێت لەسەر گەشەکردنو پێگەی کۆمەڵایەتی ژن. بێگومان توندوتیژیی کۆمەڵایەتی شێوازی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، وەك: بێبەشبوونی ژنان لە کارکردن لە دەرەوەیماڵو تەواوکردنی خوێندن، بێبەشبوونی

ژنان لـە جلوبـەرگو هەڵبـژاردنی هـاوڕێو پەیوەندییـە تایبەتیـەکان بـە تاکەکـەسو دراوسـێ، ڕێگـرتن لــە دەربڕینــی ڕاوبۆچــوونی خــۆیو گوێنــەدان بــە ڕای ژن لــە بڕیارەکانی خێزاندا. هەموو ئەوانەش لەپێناو گیرکردنی تواناو بەهرەو کارەکـانی ژن لەناو چوارچێوەی ماڵدا.

## 6) توندوتیژیی تەندروستی:

مەبەسـت لەمـە، بێبەشـبوونی ژنانــە لــە مافــە تەندروسـتیەکانی، نــەبوونی سیستەمێك بۆ پاراسـتنی ژنـان لـەو نەخۆشـیانەی تایبـەتن بـەژن، بایـەخ نـەدان بـە هۆشمەنـدیی کـاتی سـکپڕی، واتـە شـێوازی بایەخـدان بـەجۆری خـواردنی گونجـاوو سوودمەند لەو ماوەیەدا، نەبوونی مۆڵەت کاتی منداڵبوون، هوشیارنەکردنەوەی ژنان سەبارەت بە گرنگیـی بـوونی مـاوە لـەنێوان دوو سـکپڕیدا، چـونکە بـێ دابینکردنـی خۆشگوزەرانی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەدی نایـەت. ئەمـەش یەکێکـە لـە هۆکـارە سەرەکیەکان کە دەبێتە مایەی خراپبوونی باری تەندروستی ژنانو زۆربوونی ڕێژەی مردنی دایکان، بەتایبەتی کاتی لەدایکبونی منداڵ لەلایەن ژنێکـی تەمـەن منداڵـەوە. بـەپێی زانیارییـە زانـستیەکان تەمـەنی گونجـاو بـۆ سـکپڕی لـەنێوان (18-25) ساڵیدایە، چونکە ژنان پـێش تەمـەنی 18 سـاڵ لـە ڕووی دەروونـیو جەسـتەییەوە ناتوانن ڕووبەڕووی سکپڕیو کێشەکانی ببنەوە. ئەمە جگـە لـە وەی پـاش تەمـەنی 35 ساڵی ئەگەری توشبوون بەنەخۆشی ترسناك لەئارادایـە، کـە کێـشەی سـکپڕیی جۆراوجۆری لێ بکەوێتەوە. هەروەك لە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە ئەنجومەنی دانیشتوان ئامازەی پێکراوەو ڕێژەی ئەگەرەکانی مردنی کچان لە تەمـەنی (10-14) سـاڵیدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سکپڕیو ڕێژەکەی زیاد لە پێنج ئەوەنـدەی ڕێـژەی ژنانـە لـە تەمەنی نێوان (20-24) ساڵیدا. لێرەوە دەردەکـەوێت شـێوازەکانی توندوتیـژیی تەندروستی ئەنجامی ڕێگـرتن لـە ژنـان لەلایـەن مێردەکانیانـەوە بەرجەسـتەدەبێت،

کاتێك دەیانەوێت لە ماوەی سکپڕیو پاش منداڵبوون سەردانی نەخۆشخانە یان پزیشك بکەن. ئەمە سەرەڕای ڕازی نەبوون بە دانانی سنوور بۆ ژمارەی ئەو منداڵانەی دەبێت لەدایکبنو ڕەچاونەکردنی باری تەندروستی ژنەکە. هەروەها ڕازی نەبوون بە بەکارهێنانی شێوازەکانی خۆپاراستن لە سکپڕیو ناچارکردنی ژن بە سکپڕبوونی یەك لە دوای یەك.

لە ساڵی 1996دا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی توندوتیژیی وەك کێشەیەکی تەندروستی ئاشکراکرد، جگە لەوەی لە ڕاپۆرتێکی ساڵی 2002دا باس لە دەرئەنجامی کاریگەرییەکانی توندوتیژی دەکات کە دەبێتە هۆی مردنو نەخۆشی دەروونیو جەستەیی، ئەگەرچی ئەوەی دەرخستوە کە لەنێوان 10-69٪ی ژنان لە جیهاندا. دووچاری توندوتیژی دەبنەوە. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی توێژینەوەکان توندوتیژی بە گەلێك نەخۆشی دەروونیو جەستەیی گرێدەدەنەوە کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێو هەڵچونو هەست نەکردن بە ئارامی، ئەمەش هۆکارێکە بۆ توشبوون بە نەخۆشی گەدەو ڕیخۆڵە گەورە.

## 7) توندوتیژیی پەروەردەیی:

ئەمجۆرە توندوتیژییە، کە لەنێو پرۆسەی پەروەردەوخوێندندا ڕوودەدات، درێژکراوەی هەمان ئەو توندوتیژیانەیە کە لەلایەن خێزانەکانەوە ڕوودەدەن. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی فەلسەفەی خوێندن، سەرەڕای ئەوەی پەروەردە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەندەی خۆی لە فێرکردندا دەبینێتەوە، ئەوەندە خۆی لە پەروەردەکردندا نابینێتەوە. لێرەوە جارێکی دی مامۆستا ڕۆڵی ئەو پیاوە دەسەڵاتدارە دەبینێ کە لە خێزانەکاندا دەسەڵاتی خۆی بەسەر مێینەکاندا دەسەپێنێ. لێرەوە ئەندامانی خێزان یان خوێندکاران دەبنە جێبەجێکەری ئەو فرمانە. هەربۆیە ستەمکاریی مامۆستایەکی توندوتیژ بۆ خودی پرۆسەی خوێندن

ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ نەریتو فکری کۆمەڵایەتی خودی مامۆستا دەگەڕێتەوە. ئەمەش بۆ هەموو ئاستەکانی خوێندن هەروایە. لە توێژینەوەیەکی مەیدانیدا کە لە شاری سلێمانی ئەنجامدراوە هاتوە: بەشێوەیەکی سادە بێبەشبونی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ خوێندن یان ناچارکردنو هەڕەشە لێ کردنیان بە وازهێنان لە خوێندن یاخود زۆرلێ کردنیان بە بوارێکی پسپۆری دیاریکراو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی (حجازی) ئاماژە بەوە دەکات کە توندوتیژیی پەروەردەیی بەگشتی دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستمی پەروەردەو هەموو ئەوانەش پێکەوە دەبنە هۆی دروستبوونی بارێکی ناجێگیر لە پەروەردەداو بێتواناییی لە کۆنترۆڵکردنی دیاردەی توندوتیژی لەنێوان خوێندکاران خۆیانو خوێندکارانو مامۆستایاندا. زۆرجاریش خێزانەکان گلەیی دەکەن یان ڕەخنەدەگرن لە بەکارهێنانی توندوتیژی لە خوێندنگەکاندا.

### 8) توندوتیژیی ئابووری:

هۆکاری ئابوری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە تەشەنەکردنی جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ژناندا، ئەوەش پەیوەندیدارە بە باری گوزەرانی خێزان، بەدەر لەوەی لەنێو خێزانەکاندا پاشکۆیەتی ئابووریی ژنان بۆ پیاوان بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی ئەنجامدانی توندوتیژی دادەنرێت. جگە لە بازرگانیکردن بە جەستەی ژنەوە یان بەکەم وەرگرتنی کاری ژنان وەك بەرهەمهێن. هەموو ئەوانە پەیوەستن بە سەرهەڵدانی توندوتیژیی ئابورییەوە. بەپێی توێژینەوەیەك کە لە (90) کۆمەڵگەدا ئەنجامدراوە تیایدا ژنان لەلایەن پیاوانەوە دووچاری توندوتیژی بوونەتەوە، دەرکەوتووە کە یەکسانی ژنو پیاو لە ڕوی ئابورییەوە فاکتەرێکی گرنگو سەرەکیە بۆ ئەو توندوتیژییەی ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە. هەر بۆیە ئابووری بە یەکێك لەو فاکتەرە گرنگانە دادەنرێ کە دەبێتە هۆی یەکسانبوونی ژنان لەگەڵ پیاواندا

یەکێکە لەو دەرفەتانەی پیاوان بەهۆیەوە پیادەی هەموو شێوازێکی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکەن، وەك هەوڵێك بۆ مانەوەی دەسەلاٌتو باڵادەستیان.

### 9) توندوتیژیی یاسایی:

بێگومان پشتیوانی یاسا لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بۆ مرۆڤەکان رۆڵێکی گرنگی هەیە، بەتایبەت بۆ ژنان. لە کۆمەڵگەیەکدا کە دابونەریتو کولتوورو ئاین تێکەڵ بە یاسا ببێت، بارودۆخی ژنان ڕوو لە مەترسی دەکات. بۆیە ئەگەر لە یاسادا بڕگەی ڕێگر لە توندوتیژی دژ بە ژنان دابنرێو هەر ژنێك لە ڕێگەی ئەو یاسایەوە بتوانێ سودمەندبێت، ئەو کاتە توندوتیژی دژ بە ژنان سنووردارد‌ەبێت. کەواتە ئاستی توندوتیژی دژ بە ژنان دەگەڕێتەوە بۆ بڕگەکانی یاسا، بۆیە یەکێك لە مەرجەکانی ڕزگاربوونو بەدەستهێنانی یەکسانی بۆ ژن، گۆڕینی ئەو بڕگانەی یاسایە کە لە بەرژەوەندی ژناندا نییە. گۆڕینی چەند بڕگەیەکی یاسایی لەم ساڵانەی دواییدا یەکەم هەنگاو بوەو چاوەڕوانی هەنگاوی گەورەتریش دەکرێت. لەوانەش گرنگتر لە مەسەلەی یاسادا، پێویستە کێشەی ژن لە ئاینو ئەو نایەکسانیانە ڕزگاربکرێت کە بەناوی ئاینەوە خراونەتە نێودەقە یاساییەکانەوەو ئەوانەش زیاتر لە یاساکانی باری کەسێتیدا ڕەنگدەداتەوە، وەك چوار ژنە بۆ پیاوێكو شایەتی دوو ژن بەرامبەر بە پیاوێك، مافی میراتو تەلاٌقو هاوسەرێتی...هتد کە ئێستا هەندێکیان گۆڕاون. هەموو ئەوانە چەوساندنەوەی بەرچاوو دیارن کە بەرامبەر بە ژنان ئەنجامدەدرێت، کە لە مادەی (15)ی بڕگەی(1)ی مافەکانی مرۆڤدا هاتووەو دەوڵەتە لایەنەکان دان بەوەدا دەنێن پیاوو ژن لەبەردەم یاسادا یەکسانن. هەروەها لە بڕگەی (3)دا هاتووە کە دەوڵەتە لایەنەکان لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون هەموو ئەو ڕێکەوتننامەو بەڵگەنامە تایبەتیانەی کاریگەرییەکی یاساییان هەیە، دەبێت سنورێك بۆ شایستەیی یاسای ژن دیاریبکات. ئەگەرچی لە هەندێ وڵاتدا مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێو لە

هەندێ وڵاتیش متمانە بە مافی مرۆڤ ناکرێتو لە هەندێ وڵاتی دیکەیشدا تاڕادەیەک پارێزراوە.

هەروەک فاتمە المرنیس دەڵێ:

"توندوتیژی چەند لایەنێکی چەمکیانەی گەورە دەوروژێنێ، هەوڵدان بۆ دیاریکردنێکی وردو فرەلایەنی ئەو چەمکە کە توندوتیژییە، مەسەلەیەکی گرانە، چونکە دەریدەخات چەندین شێوازەو ناکرێت لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا گوزارشتی لێ بکرێت، هەروەک چۆن توندوتیژیی تاکەکەس هەیە، توندوتیژیی بەکۆمەڵیش هەیە و تیایدا پێشێلی مافی کەسانی تر دەکرێت، ئەوەش دەبێتە هۆی شڵەژاندنی ژیانو ئارامیانو تێکدانی باری جەستەییو دەروونیان. هەر ئەمانەش وا دەکەن هێزی دژ لە تاکدا دروستببێت.

# بەشی چوارەم

## تەوەرەی یەکەم

### هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بەژنان

## تەوەرەی دووەم

### کاریگەریەکانی توندوتیژی لەسەر ژنانی فەرمانبەر

## بەشی چوارەم / تەوەرەی یەکەم

## هۆکارەکانی توندوتیژی دژ بەژنان

بێگومان توندوتیژی دژ بە ژنان هۆکاری زۆری لێ دەکەوێتەوە کە هەریەکەیان ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی خێزانو کۆمەڵگە بەگشتیو دەتوانین لە چەند خاڵێکدا پوختی بکەینەوە:

### 1) هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان:

ڕۆڵی گەورەو کاریگەری هەیە لە سەرهەڵدانو گەشەکردنی توندوتیژی لەنێوان خێزانو کۆمەڵگەدا، لەوانە:

1. بارودۆخی نیشتەجێبوون.
2. لاوازی یان نزمیی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ.
3. نزمیی ئاستی هۆشیاریی پەروەردەییو نەخوێندەواری کە دەبێتە هۆی بێئاگایی دایکو باوك سەبارەت بە شێوازەکانی پەروەردەی هاوچەرخو پەنابردنە بەر لێدانو توندوتیژیی مامەڵەکردن لە کاتی هەڵەکردنی منداڵەکانیاندا.
4. زاڵبوونی هەندێ ڕۆشنبیریی باو کە جیاوازیی لەنێوان کوڕانو کچاندا دروست دەکات، لەهەمان کاتدا لایەنگیری لێدانو بەکارهێنانی توندوتیژییە.
5. دروستبوونی جۆرێك لە ململانێ لە نێوان نەوەکانی خێزانێکدا، بە واتایەکی دیکە دایكو باوکەکان کۆنپارێزن ، کەچی نەوەکانیان ئازادو سەربەخۆن. ئەمەش بۆخۆی جۆرێك لە هەڵگەڕانەوەو ڕەتکردنەوە دروست دەکات.
6. بینینی فیلمو شریتی جۆراوجۆر لەسەر توندوتیژی لە تەلەفزیۆندا. دەرکەوتوە سەیرکردنی ئەو جۆرە فیلمانە لەلایەن منداڵانەوە زۆرجار دەبێتە هۆی لاساییکردنەوەو بەو شێوەیە منداڵەکان کەسێکی توندڕەویان لێ دەردەچێت. ئەمە

جگە لە لاساییکردنەوەی منداڵ بۆ ئەو هەڵسوکەوتانەی دایكو باوك دەیکەن، لەوانە توندوتیژی. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ژینگەی توندوتیژ منداڵی توندوتیژ بەرهەمدەهێنی، وەك خشتەی ژمارە ( 29 ) کە لە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکەدا دەرکەوتوە.

7. ناجێگیریی بارودۆخی سیاسی لەنێوان حزبە جۆربەجۆرەکاندا کە هاندەرێکە بۆ بوونی توندوتیژی.

8. هەستکردنی مێرد بە چەوساندنەوە یان بێکاری.

9. تەشەنەکردنی نەخوێندەواریو نزمیی ئاستی میتۆدی فێرکردنی زانستی بۆماوە کۆمەڵایەتیە دواکەوتووەکان.

10. کولتوور کە دابونەریتە باوەکان دەگرێتەوە، بەدەر لە ئایین کە ڕەگی قوڵی لەناو مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتیدا هەیە.

11. نزمیی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگە.

12. بارودۆخی ئابوری کە خۆی لە زۆریی ڕێژی بێکاری لەناو خێزانەکاندا دەبینێتەوە.

13. نەبوونی یاسایەکی بەرجەستەی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی.

14. دڵەڕاوکێی پیاوان.

15. زاڵێتی دەسەڵاتی پیاو لە خێزانو کۆمەڵگەدا بەگشتی.

16. سستی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن.

17. ئالودەبوونی پیاوان بە خواردنی مادە سڕکەرو بێهۆشکەرەکان.

18. نەگونجانو تێنەگەیشتن.

19. خەمساردیی خودی ژنان خۆیان.

20. زوو بەشوودانی کچان وەك نەریتێکی باوی کۆمەڵگەی کوردەواری کە زۆر کچ پێش تەمەنی یاسایی دەدرێن بەشوو. ئەمەش زۆرجار بە زۆری باوكو براو لەپێناوی بەرژەوەندیی تایبەتیدا دەبێت.

21. دیاردەی بەشوودانی کچی شیرەخۆرە، واتە گەورە بە بچووك، ئەوەش لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشە خێزانیەکاندا یان لە خوێندان کە تا ئێستا بوونی هەیە.

## 2) هۆکاری دەروونی:

بەشێك لە هۆکارەکان دەگەڕێنەوە بۆ لایەنی دەروونی و دەروونناسان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە توندوتیژی لای پیاوان دەگەڕێتەوە بۆ ئیرەییکردنیان بە ژنان، لەبەر ئەوەی توانای منداڵبوونیان هەیە یان رقئەستورن بەرامبەر دایکیان کە دواتر ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هاوسەرەکانیان، یاخود لەبەرئەوەی پیاوەکە تورەدەبێو توشی دڵەڕاوکێ دەبێ ئەنجامی بایەخدانی ژنەکەی بە کوڕەکەی لەسەر حسابی ئەو، ئەوەش وادەکات پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ کەسانی دیکە ببەستێ.

هەندێ مەسەلە یان پەندی پێشینان هەن کە بوونەتە ئاوێنەی ئەقڵی تاکەکان، بە شێوەیەك کە کاریگەرییان هەیە لەسەر کەمکردنەوەی پایەی ژنان، وەك: "ژنو ماڵ"، "ژنیان ژن وتوەو پیاویان پیاو"، "قسەی یەکەمو کۆتایی بۆ پیاو دەگەڕێتەوە"و "ژنی چاکو پاك ئەو ژنەیە کە نەتوانێ چاوبڕێتە چاوی پیاوەکەی".

## تەوەرەی دووەم

## کاریگەرییەکانی توندوتیژی لەسەر ژنانی فەرمانبەر

دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان ناڕەواترینو ناشرینترین جۆری ستەمە کە لەلایەن پیاوانەوە دەکرێ دژ بە ژنان، بۆ ئەوەی بێبەشیان بکەن لە گشت مافەکانیان. بێگومان توندوتیژی دژ بە ژنان کاریگەریو ئاسەواری خراپ جێدێڵێ لەسەر ژنانو خێزانو کۆمەڵگەو لەسەر خودی منداڵان. بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوە کە لە وڵاتانی دەرەوە ئەنجامدراوە دەرکەوتوە ئەو منداڵانەی لە ژینگەیەکی خێزانی توندوتیژدا گەورەدەبن بەردەوام دووچاری دڵەڕاوکێ، توڕەبوون، ترس، حەزکردن بەتەنیایی، میزکردن بەخۆدا، ئازاری سەرو گەدە، توشبوون بە تەنگەنەفەسیو بێتاقەتی دەبنەوە، ئەمە جگە لە دواکەوتنیان لە خوێندن. کاتێك گەورەش دەبن، توندوتیژی دەبێت بە بەشێك لە ژیانیانو کارێکی ئاسایی دەبێت لایان، هەروەها توشبوونیان بە چەندین گرێی دەروونی، بەڵام ئاسەواری لەسەر ژنان بەم شێوانەی لای خوارەوە دەردەکەوێ:

### 1. کاریگەریی دەروونی:

ئەمانە دەگرێتەوە:

1) بڕوابەخۆ نەبوون.

2) هەست نەکردن بە ئاسودەیی.

3) پەروەردەنەکردنی منداڵ.

4) هەستکردن بەتاوان بەرامبەر بەو کارانەی دەیکات.

5) هەستکردن بە بێزاریو خەمۆکی.

6) هەستکردن بە دەستەوەستاویی.

7) نائارامی یان پەشێوی لە ڕووی دەرونییەوە.

8) لە ڕووی جەستەییشەوە دەبێتە هۆی توشبوون بە چەندین نەخۆشی جەستەیی یان ئازاردان.

بێگومان پیادەکردنی توندوتیژی دژ بەژنان ئاسەواری خراپی لەسەر لایەنی دەروونی، ناجێگیریی سۆزداری، ڕێگرتن وەك مرۆڤو ئازاردانی جەستەیی بەدەردەکەوێت، ئەمە جگە لەوەی کاریگەریی لەسەر چالاکیو پەروەردەکردنیان دەبێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەو کاریگەرییە دەروونیانە لەسەر ژنان یان هەندێکیان دەشێت ببنە هۆی نەخۆشیی دەرونی یان جەستەیی جۆراوجۆر، وەك: نەبوونی ئیشتیای خواردنو تێکچوونی سوڕی خوێنو ئازاری گەدەو پەنکریاسو سەرئێشە.

## 2. کاریگەری کۆمەڵایەتی:

بە بەهێزترین جۆری کاریگەریی توندوتیژی لەسەر ژنان دادەنرێو ئەمانە لەخۆدەگرێ: تەلاق، هەڵوەشاندنەوەی خێزان، خراپی پەیوەندییەکانو پێکدادان لەنێوان کەسوکاری ژنو پیاودا، دابڕانی منداڵان لە خوێندنو پەروەدەنەکردنیانو بەهێزنەکردنیان لە ڕوی دەروونیو کۆمەڵایەتیەوە، جگە لە ڕێك نەخستنی خێزان بە ڕێگەیەکی زانستیو دروست.

## 3. کاریگەری ئابوری:

زۆرێك لە توێژەرەوەکانی بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان، بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان یان ڕۆژئاواییەکاندا بەدەرئەنجامی بارودۆخە ئابورییەکان دەزانن‌و بە بەرپرسیاری یەکەمی دادەنێن لەچاو هەموو بارودۆخەکانی دیکەدا (مەبەست بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونیە)، ئەگەرچی جیاکردنەوەی ئەو بارودۆخانە لە یەکتریو کاریگەرییەکان کارێکی ئاسان نییە.

# دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی

# بـــەشـــی یـــەکـــەم

## دەروازەی یەکەم

1. سنوری توێژینەوە
2. نموونەی توێژینەوە
3. ئامرازی توێژینەوە
4. میتۆدی توێژینەوە

## دەروازەی دووەم

خستنەڕووی گریمانەکان

# بـــەشـی یـــەکـــەم /دەروازەی یەکەم

1. **بوارەکانی توێژینەوە:** سنوری توێژینەوە

- لەڕووی مرۆییەوە: ژنانی فەرمانبـەری شـاری سلێمانی‌و هـەولێری گرتۆتـــەوە کــە کــۆی گــشتی فۆرمـــەکان بریتـــی بـــوو لـــە (200)فـــۆرمو دابەشکراوە بەسەر شەش یەکەی تەمەنی جیاوازدا.
- لـــەڕووی شـــوێنەوە: مەبەســـت لـــەو ناوچـــە جوگرافیەیـــە کـــە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە ئەوەش هەردوو شاری سلێمانی‌و هەولێرە.
- لـــەڕووی کاتـــەوە: مەبەســـت لێـــی ئـــەو کاتەیـــە کـــە توێژینەوەکـــە ویستویەتی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری‌و بەئـەنجام گەیانـدنی توێژینەوەکـە لـە 2006/6/1 تا2006/10/1 واتە چوار مانگی خایاندووە.

2. **نموونـــەی توێژینەوەکـــە:** نمونـــەی وەرگـــیراو: بریتییـــە لەبەشێکی دیـاریکراو لـەڕووی چـەندێتی‌و چـۆنێتیەوە کـە نوێنەرایـەتی کۆمەڵـە کەسێك دەکات کـە بەگـشتی لـە خەسـڵەتەکانیاندا هاوبەشـن لەگـەڵ کۆمەڵدا . لـەکاتی توێژنەوەکەمانـدا نموونـەی توێژینەوەکـەمان بەشـێوەیەکی هەرەمـەکی (عشوائی) دەستنیشان کردووە مەبەست لێـی دابەشـکردنی فۆرمەکانـە بەسـەر کەسانی نموونە وەرگیراوەکەدا کە پێکهاتووە لە (200) ژنی فەرمانبـەر لـەنێو دامو دەزگاکانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتاندا لـە هـەردوو شـاری سلێمانی‌و هەولێر کە بەم شێوەیە دابەشکراوە:–

مەرکەزی شاری سلێمانی 100 فۆرم

مەرکەزی شاری هەولێر 100 فۆرم

3. **ئـامرازی توێژینـەوە:** لـەم توێژینەوەیـەدا چـەند ئامرازێـك بەكارهێنراوە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری بەم شێوەیە:

1) ئاراسـتەكردنی پرسـیاری كـراوە بەسـەر 30 كەسـدا جیـاواز لـە بواری كاركردنیاندا كە هەریەك لەشارەزایانو ڕۆشنبیرانو بواری ڕاگەیاندنو نێو دەزگاكـانی حكومـەتی گرتـەوە بەمەبەسـتی دەسـتكەوتنی چـەند زانیارییـەكی سەرەتایی لەسەر دیاردەكە.

2) ئاراستە كردنی فۆرمی ڕونكردنـەوەی دانـراو بـۆ ژنـانی فەرمانبـەر ئەمەش سەرەكیترین ئامراز بوو كە بەكارهێنراوە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری.

3) سـوود وەرگـرتن لـە هەنـدێك سەرچـاوەو توێژنـەوەو ئەنتـەرنێت كەلەسەر ئەم بابەتە یان پەیوەندیدار بەم بابەتەوە بڵاوكراوەتەوە.

4. **میتـۆدی توێژینــەوە:** بێگومـــان هـــەر توێژینەوەیـــەكی كۆمەڵایەتی پێویستی بە مەنهەجو پرۆگرامێك هەیە بۆئەوەی بەپێی ئـەو ڕێبـازە زانستیە كاری پێبكرێت بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێكی پوختو دیاریكراو.

بـەكارهێنانی میتـۆدی ئـەم توێژنەوەیـەش بریتییـە لـە ڕێـژەی سـەدی، بەكارهێنراوە بۆ زانینی ڕێژەی سەدی گۆڕاوێك لـە گۆڕاوەكـان یـان هۆكارێك لـە هۆكارەكان. یاسای ڕێژەی سەدی/گشتی 100.

# دەروازەی دووەم

## خستنە ڕووی خشتەکان

خشتەی ژمارە(1) تەمەنی بەشداربوونی توێژینەوەکە لەهەردووشاری سلێمانیو هەولێر

| تەمەن | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خوارتر 20 | 8 | 8% | 9 | 9% | 17 | 8,5% |
| 25-20 | 23 | 23% | 31 | 31% | 54 | 27% |
| 30-25 | 22 | 22% | 23 | 23% | 45 | 22,5% |
| 35-30 | 20 | 20% | 18 | 18% | 38 | 19% |
| 40-35 | 14 | 14% | 10 | 10% | 24 | 12% |
| سەروتر 40 | 13 | 13% | 9 | 9% | 22 | 11% |
| کۆی گشتی | 100 | 100 % | 100 | 100 % | 200 | 100% |



لەم توێژینەوەیدا تەنها ڕەگەزی مێ وەرگیراوەو زانیارییەکان لەسەر (200) فەرمانبەری ژن کۆکراوەتەوەو دابەشکراوە بەسەر شەش یەکەی تەمەندا هەروەك لەخشتەکەدا دەردەکەوێت ئەوانەی تەمەنیان لە (20-35) ڕێژەیان (%23) لە شاری سلێمانیو لەشاری هەولێر ڕێژەیان بریتییە لە (%31) بەرزترین ڕێژەیەو ئەوە نیشان دەدات کە زۆرترین ڕێژەی فەرمانبەران لەو تەمەنەدان بەڵام تەمەنی (20)خوارتر لەشاری سلێمانی ڕێژەی (%8) پێك دەهێنن وە تەمەنی (20)خوارتر،(40)سەروتر لەشاری هەولێر هەریەکەیان بەڕێژەی(%9) لەشاری هەولێر تەمەنی ژنە فەرمانبەرەکان پێك دەهێنن کە نزمترین ڕێژەیە ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی توێژینەوەکە زۆربەی ئەو ژنە فەرمانبەرانەی لەخۆگرتوە کە تەمەنیان لە نێوان (20-25) دایە لە هەردوو شاری سلێمانیوهەولێر.

خشتەی ژمارە (2) شوێنی لەدایكبوونی نموونەكە

| شوێن | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | كۆیگشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شار | 67 | 67% | 66 | 66% | 133 | 66,5% |
| لادێ | 8 | 8% | 12 | 12% | 20 | 10% |
| ناحیە | 18 | 18% | 10 | 10% | 28 | 14% |
| قەزا | 7 | 7% | 12 | 12% | 19 | 9,5% |
| كۆیگشتی | 100 | 100% | 100 | 100% | 200 | 100% |




خشتەی ژمارە (2) شوێنی لەدایكبوونی نمونەی توێژینەوەكە دەخاتە ڕوو بەوەی كـۆی گـشتی بەڕێـژەی (66,5٪) ی ژنـە فەرمانبـەرەكان لـە هـەردوو شـاری سـلێمانیوهەولێر لەشـار لـەدایك بـوون وە ڕێـژەی (9,5٪) لـە قـەزاو ڕێـژەی(10٪)لادێو بەڕێـژەی(14٪) لەناحیـە لـەدایكبوون ئـەوەش ئاماژەیـە بۆئەوەی زۆرترین ڕێژەی نموونـەی توێژینەوەكـە لـە شـار لـەدایك بـوون لـە هـەردوو شاری سلێمانیو هەولێر.

### خشتەی ژمارە (3) شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستای نموونەکە

| شوێن | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆیگشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شار | 76 | 76% | 94 | 94% | 170 | 85% |
| لادێ | 1 | 1% | 0 | 0% | 1 | 0,5% |
| ناحیە | 17 | 17% | 4 | 4% | 21 | 10,5% |
| قەزا | 6 | 6% | 2 | 2% | 8 | 4% |
| کۆیگشتی | 100 | 100% | 100 | 100% | 200 | 100% |




شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستای ژنە فەرمانبەرەکان لە خشتەی ژمارە 3 دا خراوەتە ڕوو کە دەرکەوتووە زۆرترین ڕێژە لە هەردوو شاری سلێمانیو هەولێر لە شاردا نیشتەجێبوون بەڕێژەی (85٪) جگە لەوەی هەریەکە لە قەزا بەڕێژەی (4٪)وڕێژەی لادێکان(0,5٪)و ڕێژەی (10,5٪) لە ناحیەدا نیشتەجێ بووە

ئـەوەش ئاماژەیـە بـۆ نیـشتەجێبونی زۆربـەی نمونـەی توێژینەوەکـە لەشـاردا واتـە مەرکەزی شار.

خشتەی ژمارە(4) تایبەتە بەجۆری خانوو لەکۆمەڵی توێژینەوەکە

| جۆری نیشتەجێ | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆیگشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| موڵك | 63 | 63% | 58 | 58% | 121 | 60,5% |
| کرێ | 37 | 37% | 42 | 42% | 79 | 39,5% |
| کۆیگشتی | 100 | 100 % | 100 | 100% | 200 | 100% |




خشتەی ژمارە(4) ڕوونی دەکاتەوە زۆرترین نموونەی توێژینەوەکە خانوەکانیان لەجۆری موڵکە کە ڕێژەی (63٪) لەشاری سلێمانیو (58٪) لەشاری هەولێر پێکدەهێنن وە کەمترین ڕێژەش لە خانووی کرێدا دەژین کە ڕێژەی (37٪) لەشاری سلێمانیو (42٪) لەشاری هەولێر گوزارشت لەنمونەی توێژینەوەکە دەکات, ئەگەر چی نیشتەجێ بوونی ڕێژەی کرێ ڕێژەیەکی بەرچاوەو لەهەمان کاتدا بوونی خانووی موڵکیش مەرج نیە خۆشگوزەرانی یان باشی باری ئابووری دەستنیشان بکاتو بەپێچەوانەشەوە بەواتایەکی دیکە مەرج نیە جۆری خانوو بە تەنها پێوەرێکی راستەقینە بێت بۆ زانینی باری ئابووری ئەگەر چی لەزۆر کاتدا هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی ئاستی ئابووری.

خشتەی ژمارە(5)ئاستی خوێندنی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| ئاستی خوێندن | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆیگشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 0 | 0% | 2 | 2% | 2 | 1% |
| خوێندنونوسین | 0 | 0% | 0 | 0% | 0 | 0% |
| سەرەتایی | 16 | 16% | 10 | 10% | 26 | 13% |
| ناوەندی | 27 | 27% | 27 | 27% | 54 | 27% |
| ئامادەیی | 26 | 26% | 17 | 17% | 43 | 21,5% |
| پەیمانگا | 20 | 20% | 20 | 20% | 40 | 20% |
| بکالۆریوس | 10 | 10% | 24 | 24% | 34 | 17% |
| بکالۆریوس و سەروتر | 1 | 1% | 0 | 0% | 1 | 0,5% |
| کۆی گشتی | 100 | 100% | 100 | 100% | 200 | 100% |



ئەگەر لە خشتەی ژمارە (5) ووردبینەوە دەبینین جۆری ئاستی خوێندن جیاوازی لەخۆگرتووە کە ڕێژەی ئەو ژنە فەرمانبەرانەی خوێندنی ناوەندیان تەواوکردووە لە هەردوو شاری سلێمانیو هەولێر ڕێژەی (54٪) پێك دەهێنن کە بەرزترین پلەی خوێندنە لەنمونەکەدا لە کاتێکدا نزمترین ڕێژەی ئاستی خوێندن لە هەردوو شارەکەدا ڕێژەی (1٪) ئاستی بکالۆریوسو سەروتر پێك دەهێنن. ئەوەش ئاماژەیە بۆ کەمی بڕوانامەی بەرز لەنێو ژنە فەرمانبەرەکانی حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی گشتی و ئەویش بۆخۆی هۆکارێکە لەبەردەم ژناندا بۆ کارکردنیانو مانەوەیان لە پۆستەکانی خوارەوەی دامو دەزگاکانی حکومەت.

## خشتەی ژمارە(6) باری کۆمەڵایەتی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو

| باری‌کۆمەڵایەتی | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەڵت | 41 | 41% | 57 | 57% | 98 | 49% |
| خێزاندار | 57 | 57% | 33 | 33% | 90 | 45% |
| بێوەژن | 2 | 2% | 10 | 10% | 12 | 6% |
| کۆی‌گشتی | 100 | 100% | 100 | 100% | 200 | 100% |




لەخشتەی ژمارە(6)دا دەردەکەوێت کە ئەو ژنە فەرمانبەرانەی بونیان هەیە لەنێو دامودەزگاکانی حکومەتدا زۆرترین ڕێژە لەشاری سلێمانی (٪57) لەشاری هەولێر ئەوانەن کە سەڵتن واتە شوویان نەکردوە لەکاتێکدا بێوەژن ڕێژەی(٪2) لەشاری سلێمانیو ڕێژەی(٪10) لەشاری هەولێر پێکدەهێنێ کە کەمترین ڕێژەی بوونی ژنە فەرمانبەرەکانە لەنێو دامودەزگاکانی حکومەتدا دەردەخات و بێگومان ئەو ڕێژەیەش بەبەراورد بەزۆری ڕێژەی بێوەژن لەکوردستاندا هەیە کەمە.

### خشتەی ژمارە(7) ژمارەی ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوەکە

| ژمارەی ئەندامانی‌خێزان | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆی‌گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4_1 | 49 | 49% | 43 | 43% | 92 | 46% |
| 9_5 | 47 | 47% | 43 | 43% | 90 | 45% |
| 14_10 | 4 | 4% | 14 | 14% | 18 | 9% |
| **کۆی‌گشتی** | 100 | 100% | 100 | 100% | 200 | 100% |







لەخشتەی ژمارە (7)دا ڕێژەی ئەو لێکۆڵەرانەی ژمارەی ئەندامانی خێزانەکانیان (4-1) کەسە لەشاری سلێمانی زۆرترین ڕێژە پێك دەهێنێ کە بریتییە لە (49٪) لە کاتێکدا لە (43٪) لەشاری هەولێر ژمارەی ئەندامانی (4-1)و (9-5) زۆرترین ڕێژەیە وەکەمترین ڕێژەش لەهەردووشارەکەدا (14-10) ژمارەی ئەندامان پێکدەهێنن لەمەوە دەردەکەوێت بەگشتی خێزانەکان بەرەو کەمبونەوە دەچن کە ئاماژەیە بۆسەرقاڵی‌و کارکردنی ژنان‌و پیاوان لەدەرەوەی ماڵ‌و ئەمە جگە لەوەی ئەو ژمارەیە لەشاری هەولێر زیاترە وەك لەشاری سلێمانی.

### خشتەی ژمارە(8) باری ئابووری خێزانەکان دەخاتە ڕوو

| باری‌ئابووری | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆی‌گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زۆرباشە | 8 | 8% | 7 | 7% | 15 | 7,5% |
| باشە | 36 | 36% | 57 | 57% | 93 | 46,5% |
| مامناوەند | 52 | 52% | 31 | 31% | 83 | 41,5% |
| خراپە | 4 | 4% | 5 | 5% | 9 | 4,5% |
| کۆی‌گشتی | 100 | 100% | 100 | 100% | 200 | 100% |




لەخشتەی ژمارە (8)دا دەرکەوتووە ئەو خێزانانەی نموونەی توێژینەوەکە پێك دەهێنن ڕێژەی مامناوەندە کە(٪52)پێك دەهێنێ زۆرترین ڕێژەیە لەشاری سلێمانی بەڵام لەشاری هەولێر (٪57) زۆرترین ڕێژەیە کە ئاماژە بەباشە دەکات ڕێژەی(٪4) لەشاری سلێمانیوڕێژەی (٪5)لەشاری هەولێر نزمترین یان کەمترین ڕێژەی ئابوری خێزانەکانی پێك هێناوە کە خراپە بەدەر لە ڕێژەی (٪8) لە سلێمانیو (٪7) لەهەولێر باری ئابوری خێزانەکانیان زۆر باشەی نموونەی توێژینەوەکە پێك دەهێنن.

**خشتەی ژمارە(9) تەمەنی چوونە نێو ژیانی هاوسەرێتی نیشان ئەدات**

| تەمەنی چوونە ناو ژیانی هاوسەری | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کـــــۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خوار 18 ساڵ | 7 | 11,8% | 7 | 16،2% | 14 | 13،7% |
| 18-22ساڵ | 19 | 32,2% | 25 | 58,1% | 44 | 43,1% |
| 22-26ساڵ | 22 | 37،2% | 7 | 16,2% | 29 | 28,4% |
| 26-30ساڵ | 9 | 15,2% | 3 | 6,9% | 12 | 4,5% |
| سەرووتر | 2 | 3،3% | 1 | 2,3% | 3 | 2,9% |
| کۆی گشتی | 59 | 100% | 43 | 100% | 102 | 100% |




خشتەی ژمارە (9) ئاماژەیـە بـۆ تەمـەنی ئـەو ژنـە فەرمانبەرانـەی شـویان کـردووە بەپێی نموونەی توێژینەوەکە کە لەلایەك دەریخستوە تا تەمەنی ژنان زیاتر بێـت دەرفـەتی شوکردنیان کەمتر دەبێتەوە وەك ڕێژەی (2٪) لەشاری سلێمانیو (1٪) لەشـاری هـەولێر کەئاماژەیە بۆکەمترین ڕێژەی تەمەنی شووکردن دەکات بەدەر لەوەی تـا ئـەمرۆ بەڕێـژەی (14٪) لەهەردوو شارەکەدا ژنـان لـەخوار تەمـەنی 18 سـاڵەوە واتـە تەمـەنی نایاسـایی دەدرێن بە شوو ئەوەش بۆخۆی یەکێکە لەکێشە کۆمەڵایەتیەکانی ژنان کە تائەمرۆ پێوەی دەناڵێنن، سەرەڕای بـوونی زۆرتـرین ڕێـژە کـە لەشـاری سـلێمانیدایە بریتییـە لـە تەمـەنی (22–26) بەڕێـژەی (37,2٪)و لەشـاری هـەولێردا تەمـەنی (18–22) زۆرتـرین ڕێژە پێك دەهێنن کە بریتییە لە (58,1٪).

**خشتەی ژمارە(10) ماوەی ژیانی هاوسەرێتی دەردەخات**

| ماوەی ژیانی هاوسەری | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ کەمتر | 11 | 18،6% | 5 | 11,6% | 16 | 15,6% |
| 5_1 | 13 | 22% | 16 | 37,2% | 29 | 28,4% |
| 10_5 | 13 | 22% | 8 | 18,6% | 21 | 20,5% |
| 15_10 | 5 | 8,4% | 2 | 4,6% | 7 | 6,8% |
| 15 سەروتر | 17 | 28,8% | 12 | 27,9% | 29 | 28,4% |
| کۆی گشتی | 59 | 100% | 43 | 100% | 102 | 100% |




ماوەی ژیانی هاوسەرێتی لە خشتەی ژمارە (10)ی نموونەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە ئاماژە بەوە دەکات ئەو ژنە فەرمانبەرانەی شویان کردووە بەپێی نموونەکە دەرکەوتووە زۆرترین ماوەی پێکەوە ژیان لەشاری سلێمانیدا (25) ساڵ سەروتر لەخۆ دەگرێت واتە بەڕێژەی (٪28,8) بەڵام لەشاری هەولێردا ماوەی(1-5) زۆرترین ڕێژەی پێکهێناوە کە بریتییە لە (٪37,2) لە کاتێکدا کەمترین ڕێژەی ماوەی ژیانی هاوسەرێتی لەهەردوو شاری سلێمانیو هەولێر تەمەنی نێوان (10-15) ساڵە کە ڕێژەی(٪8,4) لەشاری سلێمانیو (٪4,6) لەشاری هەولێری پێکهێناوە بەدەر

لەبوونی ڕێژەی جیاواز بەپێی ماوەکانی تری تەمەنی هاوسەرێتی وەك لەخشتەکەدا بەدەرکەوتووە.

## خشتەی ژمارە (11) جۆری پێکهاتنی ژیانی هاوسەرێتی

| جـــۆری پێکهـــاتنی ژیانی هاوسەرێتی | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کـــــۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خزم | 12 | 20,3% | 8 | 18,6% | 20 | 19,6% |
| پەیوەنـــــــــــدی خۆشەویستی | 18 | 30,5% | 6 | 13,9% | 24 | 23,5% |
| بەزۆر | 0 | 0% | 10 | 23,2% | 10 | 9,8% |
| ڕێکەوت | 29 | 49,1% | 19 | 44,1% | 48 | 47,05 % |
| **کۆی گشتی** | 59 | 100% | 43 | 100% | 102 | 100% |



خشتەی ژمارە( 11 )ئاماژە بۆ پێكهاتنی ژیانی هاوسەرێتی دەكات بەوەی زۆرترین ڕێژە لە شاری سلێمانی (49,1٪) لە شاری هەولێر (44,1٪) لەسەر بناغەی ڕێكەوت پێك دێت لەكاتێكدا لەشاری هەولێر ڕێژەی (13,9٪) كەمترین ڕێژە پێك دەهێنێ و خۆی لە پەیوەندی خۆشەویستیدا دەبینێتەوە. زۆری ڕێژەی ڕێكەوت لەهەردوو شارەكەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە تا ئەمڕۆ لەكۆمەڵگەی كوردەواریدا پرۆسەی ژیانی هاوسەرێتی وەك پرۆژەیەك تەماشا دەكرێتو كەمینەن ئەوانەی ناسین یان خۆشەویستی بكەنە بناغەی پێكهێنانی ئەو ژیانە نوێیە كە ئەوەش بۆخۆی جێی سەرنجەو پێویستی بە پیاچوونەوەیە ئەگەر چی ڕێژەی بەزۆر بەشوودان لەشاری سلێمانی ڕێژەی (سفر)ی پێكهێناوەو دەرئەنجامێكی دڵخۆشكەرەر بە پێچەوانەی كەمی ڕێژەی پەیوەندی خۆشەویستی لەشاری هەولێردا كە دەرئەنجامێكی ناڕاستە بەپێی بنەما ڕاستەقینەكانی ژیانی هاوسەرێتی.

خشتەی ژمارە (12)ژمارەی بەڕێوەبەری فەرمانگەکان دەخاتە ڕوو

| بەڕێوەبەری فەرمانگەکەت کامیانە؟ | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆیگشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژن | 25 | 25% | 13 | 13% | 38 | 19% |
| پیاو | 75 | 75 | 87 | 87% | 162 | 81% |
| کۆیگشتی | 100 | 100% | 100 | 100% | 200 | 100% |




خشتەی ژمارە(12 )ئاماژە بەبوونی بەڕێوەبەری فەرمانگەکان ڕوون دەکاتەوە دەریخستوە کە بەڕێوەبەری فەرمانگەکان لە هەردوو شاری سلێمانیو هەولێر زۆرترین ڕێژە پیاوان پێك دەهێنن بەڕێژەی (75٪) لەشاری سلێمانیو (87٪) لەشاری هەولێر ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ژنانی فەرمانبەر ئەگەرچی ڕێژەیان زۆرە لە فەرمانگەکاندا بەڵام هەمیشە دورن لە پۆستەباڵاکانەوەو ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە. لە کاتێکدا ڕێژەی ژنانی فەرمانبەرن لە پۆستی بەڕێوەبەرەکاندا لەشاری سلێمانی(25٪)و لەشاری هەولێر ڕێژەی (13٪) پێك دەهێنن.

خشتەی ژمارە(13)بوونی دایەنگە لەفەرمانگەکاندا ڕوون دەکاتەوە

| دایەنگــــە هەیــــە لەناوفەرمانگەکەتدا | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆیگشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | 8 | 8% | 6 | 6% | 14 | 7% |
| نەخێر | 92 | 92% | 94 | 94% | 186 | 93% |
| کۆی گشتی | 100 | 100% | 100 | 100% | 200 | 100% |




خشتەی ژمارە(13)ئاماژە بە ژمارەی ئەو دایەنگانـە دەکـات کـە لـە فەرمانگـەکانی حکومەتی هەرێمدا بونیان هەیە کە زۆرترین ڕێژە لەهەردوو شاریسلێمانیوهەولێر ئاماژە بۆ نەبوونی دایەنگە دەکـەن لـە فەرمانگەکەیانـدا بەڕێـژەی (92٪) لەشـاری سـلێمانیو (94٪) لەشـاری هـەولێر وە کـەمترین ڕێـژە لەشـاری سـلێمانی کـە بەبـەڵێ وەڵامیـان داوەتەوە بریتیـیە لە (8٪)و لەشاری هەولێر بریتییە لە (6٪) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ژنی فەرمانبەر بەهۆی نەبوونی جێگای تایبەت بۆ منداڵەکانی و ایکـردووە  تواناکـانی وەك بەرپرسیارێتی دابەش ببێت لەلایەكو لەلایەکی دیکـەش بـەهۆی منداڵـەوە نـەتوانێ درێـژە بـەتواناکانی بـداتو تمـوحی پۆسـتی سـەروتر لـە فەرمانبـەرێتی بکـات لـەکاتی کارکردنیدا کە ئەمەش بەگشتی ڕەوتی گەشەکردنی ژنان لەکۆمەڵگەدا دوادەخات.

خشتەی ژمارە(14) ڕووبەڕووبونەوەی ژنانی فەرمانبەر بە توندوتیژی لە شوێنی کارکردنیاندا

| ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە لەفەرمانگەدا | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | 82 | 82% | 90 | 90% | 172 | 86% |
| نەخێر | 18 | 18% | 10 | 10% | 28 | 14% |
| کۆی گشتی | 100 | 100% | 100 | 100% | 200 | 100% |




خشتەی ژمارە(14)ئاماژە بەئاستی توندوتیژی دەکات کەڕووبەڕوی ژنانی فەرمانبەر دەبێتەوە لە فەرمانگەکاندا کە زۆرترین تێڕوانین لەهەردوو شاری سلێمانیو هەولێر بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە بەڕێژەی(٪82) لەشاری سلێمانیو لە (٪90) لەشاری هەولێر وە کەمترین ڕێژە لەهەردوو شارەکەدا پێیان وایە کە توندوتیژی دژ بەژنان بوونی نیە لە فەرمانگەکاندا بەڕێژەی(٪18) لەشاری سلێمانیو لە (٪10) لەشاری هەولێر ئەوەش ئەوە دەردەخات ژنانی فەرمانبەر لەنێو فەرمانگەکانی

حکومەتــدا جیاکــاریو توندوتیــژییان دەرهــەق دەکرێــت ئەمــەش ئاماژەیــە بــۆ زاڵێتــی عەقڵیەتی پیاوسالاریو جیاوازی کردنیان دەرهەق ژنان بەوەی تەنها مێینەن .

خشتەی ژمارە (15) ئاماژە بەجۆرەکانی توندوتیژی دەکات دەرهەق بەژنانی فەرمانبەر

| ڕووبـــــــــــەڕوی چ جۆرتوندوتیژی دەبنەوە | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کـــۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەروونی | 56 | 68,2 % | 73 | 81,1 % | 129 | 75% |
| جەستەیی | 8 | 9,7% | 1 | 1,1% | 9 | 5,2% |
| گێچەڵی سێکسی | 18 | 21,9 % | 16 | 17,7 % | 34 | 19,7% |
| کۆی گشتی | 82 | 100 % | 90 | 100 % | 172 | 100% |



پاش خشتەی ژمارە( 14 )ڕوونکردنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی بەبەڵێ وەلامیان داوەتەوە کە توندوتیژی لە فەرمانگەکاندا بەدی دەکرێت خشتەی ژمارە (15) ئاماژە بەجۆرەکانی توندوتیژی دەکات دژ بەژنانی فەرمانبەر کە زۆرترین ڕێژە لەشاری سلێمانیو هەولێر لەجۆری دەروونیدا بەرجەستە دەبێت بەڕێژەی (68,2٪) لەسلێمانیو ڕێژەی (81,1٪) لەهەولێر وە کەمترین ڕێژەش لەهەردوو شارەکەدا لەجۆری (جەستەیی) دایە بەلأم ئەوەی جێی ئاماژە کردنە ڕێژەی (21,9٪) لەشاری سلێمانی جۆری گێچەڵی سێکسییە وە ڕێژیەکی بەرچاوەو نزیکە لەڕێژەکەی لەشاری هەولێر کە بریتییە لە (17,7٪) ئەمەش ئەوە دەردەخات ژنانی فەرمانبەر لەهەردوو جۆری دەروونیو گێچەڵی سێکسیدا لەژێر فشارێکی دەروونی زۆردا کاردەکەنو مامەڵەکردن لەگەڵیاندا تەنها لە جەستەدا کورت کراوەتەوە ئەوەندەی وەك مێینەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت وەك فەرمانبەریکی کاراو خاوەن توانا حسابیان بۆناکرێت کە ئەوەش بۆخۆی هۆکارێکی گرنگە لەبەردەم دەرنەخستنی تواناکانو جێنەکردنەوەیان لەشوێنی گونجاودا.

خشتەی ژمارە(16 ) کێ توندوتیژی بەرامبەر ژنانی فەرمانبەر دەکات

| ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | سلێمانی | لەلایەن کێیەوە ژنانی فەرمانبەردوچاری توندوتیژی دەبنەوە؟ |
|---|---|---|---|---|
| 38٪ | 38 | 35٪ | 35 | بەرپرسی یەکەم |
| 18٪ | 18 | 24٪ | 24 | بەرپرسی بەش |
| 30٪ | 30 | 25٪ | 25 | پیاوانی فەرمانبەر |
| 8٪ | 8 | 15٪ | 15 | هاووڵاتی |
| 6٪ | 6 | 11٪ | 11 | ژنانی فەرمانبەر |



لەخشتەی ژمارە(16)دا زۆرترین ڕێژە لەهەردوو شاری سلێمانیو هەولێردا ئەو لایەنەی کە پیادەی توندوتیژی دەکات بەرامبەر ژنانی فەرمانبەر بەرپرسی یەکەمە کە ڕێژەی (٪ 35 ) لە شاری سلێمانیو لە (٪ 38 ) پێك دەهێنن کە هەروەك لە خشتەی ژمارە (12)دا دەرکەوتووە پیاوان زۆرترین ژمارەی بەڕێوەبەر یان بەرپرسی یەکەم پێك دەهێنن ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئیستیغلالکردنی ئەو پۆستانە دەکرێت لەلایەن بەرپرسی یەکەمی فەرمانگەکانەوە بەدەر لە تێڕوانینی عەقلیەتی پیاوسالاری بۆژنان کە هەمیشە وەك مێینەیەك لەجەستەدا کورت دەکرێنەوە ئەمەش لەکاتێکدا کەمترین ڕێژەی شاری سلێمانی کە لەلایەن ژنانی فەرمانبەرەوە توندوتیژییان پیادە دەکرێت ڕێژەی(٪ 11) بەهەمان شێوەش لەشاری هەولێر بەڕێژەی لە(٪6 ).

خشتەی ژمارە (17) ئایا جیاوازی لەگەڵ ژنانی فەرمانبەردا دەکرێت

| ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە لەفەرمانگەدا | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | 75 | 75% | 85 | 85% | 160 | 80% |
| نەخێر | 25 | 25% | 15 | 15% | 40 | 20% |
| کۆی گشتی | 100 | 100 % | 100 | 100% | 200 | 100% |




خشتەی ژمارە (17) ئاماژە بەجیاوازی دەکات لەگەڵ ژنانی فەرمانبەردا بەوەی تەنها بەهۆی ئەوەی مێینەن ئەویش زۆرترین ڕێژە لەهەردوو شارەکە بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە بەڕێژەی لە (75٪) لەشاری سلێمانی و(85٪) لە شاری هەولێر لەکاتێکدا کەمترین ڕێژەی لەشاری سلێمانیدا کە لە (25٪) پێك دەهێنێ و لەشاری هەولێر(15٪) ڕێژەکە پێك دەهێنێ ئەوەش خاڵێکی گرنگی گرفتەکانە کە جەخت لەبوونی جیاکاریو توندوتیژی جێندەری دەکاتەوە کە پیادەکردنی هەڵەیەکی گەورەیە لەئاستی دیموکراسیەتو مافی مرۆڤدا.

## خشتەی ژمارە (18) هۆکارەکانی جیاوازی لەگەڵ ژنانی فەرمانبەراندا

| هۆکارەکانی جیاوازی لەگەڵ ژنانی فەرمانبەراندا | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زاڵێتی عەقڵیەتی پیاوسالاری | 40 | 53,3% | 36 | 42,3% | 76 | 47,5% |
| بێ متمانەیی بەلێپرسراوێتی ژن | 12 | 16% | 24 | 28,2% | 36 | 22,5% |
| بێتوانایی ژنان | 2 | 2,6% | 1 | 1,17% | 3 | 1,87% |
| تەنهالەبەرئەوەی مێینەیە | 21 | 28% | 24 | 28,2% | 45 | 28,1% |
| کۆیگشتی | 75 | 100% | 85 | 100% | 160 | 100% |



پاش ئەوەی لەخشتەی ژمارە (17) دا زۆرترین ڕێژەی ئاماژەی بەبوونی جیاوازی کرد لەگەڵ ژنانی فەرمانبەردا خشتەی ژمارە (18) ئاماژە بە هۆکارەکانی ئەو جیاکارییە ڕوون دەکاتەوە بەوەی زۆرترین ڕێژە لەشاری سلێمانی لە (٪53,3) لەشاری هەولێر (٪42,3) زاڵێتی عەقڵیەتی پیاوسالاری بەهۆکاری سەرەکی دەزانن وە کەمترین ڕێژەش لەهەردوو شارەکەدا ئاماژە بەبێ توانایی ژنان دەکات بەڕێژەی (٪2,6) لەشاری سلێمانیو لە(٪1,17) لەشاری هەولێر ئەوەش دەرئەنجامێکی واقعی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی ئێمەیە بەوەش دەردەکەوێت عەقڵیەتی پیاوسالاری ڕەنگدانەوەی بەسەر گشت کارەکانی کۆمەڵدا هەیە .

## خشتەی ژمارە( 19) دەرفەتی کارکردن لەبەردەم ژنانی فەرمانبەردا

| دەرفـەتی کـارکردن لەبـەردەم ژنانی فەرمانبەردا | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کـــۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شووی نەکردبێ | 76 | 76% | 75 | 75% | 151 | 75,5% |
| شووی کردبێ و بێمنداڵبێت | 14 | 14% | 23 | 23% | 37 | 18,5% |
| شووی کردبێ ومنداڵداربێ | 10 | 10% | 2 | 2% | 12 | 6% |
| کۆی گشتی | 100 | 100% | 100 | 100 % | 200 | 100% |



خشتەی ژمارە (19) باس لەبوونی دەرفەت دەکات بەوەی دەخرێتە بەردەم کام جۆری ژنانو دەرکەوتووە زۆرترین ڕێژەی دەرفەت دەخرێتەبەردەم مێینەیەك کە شویان نەکردبێت لەشاری سلێمانی بەڕێژەی (76٪) لەشاری هەولێر بەڕێژەی (75٪) وە کەمترین ڕێژەش دەخرێتەبەردەم ئەوانەی شویان کردووەو خاوەنی منداڵن بەڕێژەی( 15٪) لەشاری سلێمانیو لە(2٪) لەشاری هەولێر ئەوەش ئامارژە بۆ ئەوە دەکات کە دەرفەتی گەشەکردن ئەوەندەی لەبەردەم شوونەکردووەکاندا دەبێت لەبەردەم ئەوانی تردا قورسە ئەوەش بەهۆی سەرقاڵبوونی ژنانەوە بەکارەکانی نێوماڵو پەروەردەکردنی منداڵە کە دەرفەت لەبەردەم ژنانی فەرمانبەراندا تەسك کردۆتەوە بۆئەوەی بتوانن بەردەوام بن لەکارەکانیانو داهێنەریش بن لەهەمان کاتدا.

### خشتەی ژمارە(20) هۆکارەکانی کەمی ژنانی فەرمانبەردەردەخات لەپۆستە باڵاکاندا

| هۆکارەکانی کەمی ژنان لە پۆستە باڵاکانی فەرمانگەکان | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| بێ متمانەیی بەتوانایی ژنان | 23 | 19,8 % | 22 | 21,7% |
| بە توانایی پیاوان زیاترلەژنان | 18 | 15,5 % | 15 | 14,8% |
| ڕێخۆشـنەکردنی دەرفـەت لەبـەردەم ژنـان لەلایەن پیاوانەوە | 49 | 42,2 % | 93 | 38,6% |
| ململانێی حیزبایەتی | 11 | 9,4% | 13 | 12,8% |
| خودی ژنان خۆی | 15 | 12,9 % | 11 | 10,8% |



خشتەی ژمارە(20) ڕوونکراوەتـەوە کـە زۆرتـرین ڕێـژەی هۆکارەکـانی بـەردەم ژنانی فەرمانبەر لەنێوپۆستەباڵاکاندا لـە فەرمانگەکانـدا لەشـاری سـلێمانی بەڕێـژەی (٪ 42,2) یەو دەگەڕێتەوە بۆ ڕێخۆشنەکردنی دەرفەت لەبەردەم ژناندا بەهـەمان شـێوە لەشـاری هـەولێر بـەلاَم بەڕێـژەی (٪ 38,6 ) ئـەوەش جـەخت لـەبێ متمانەیی جیاوازی دەکاتەوە لەلایەن بەرپرسی یەکەمی فەرمانگەکانـەوە کـە بـەپێی نموونەی توێژینەوەکـە زۆرتـرین ڕێـژەی پۆسـتە باڵاکـان پیـاوانن ئەمـەش سـەرەڕای بوونی هۆکاری دیکە بەڕێژەی جیاواز وەك لەخشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە(21) ئاماژە بەهەڵوێست وەرگرتنی ژنانی فەرمانبەر دەکات

| هەڵویست وەرگرتنی ژنانی فەرمانبەر | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆی گشتی | ڕێژە |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| بێ دەنگ دەبم | 16 | 16 % | 32 | 32 % | 48 | 24% |
| ناڕەزایی دەردەبڕم | 32 | 32 % | 31 | 31 % | 63 | 31,5 % |
| دەیگەیەنمە بەرپرسی سەروو | 50 | 50 % | 37 | 37 % | 87 | 43,5 % |
| واز لەکاردێنم | 2 | 2% | 0 | 0% | 2 | 1% |
| هی تر | 0 | 0% | 0 | 0% | 0 | 0% |
| کۆی گشتی | 100 | 100 % | 100 | 100 % | 200 | 100% |



خشتەی ژمارە (21)ئاماژە بە هەڵوێست وەرگرتنی ژنانی فەرمانبەر دەکات ئـەو کاتەی توندوتیژییان دەرهەق دەکرێت کـە زۆرتـرین ڕێـژە لەشـاری سـلێمانی(50٪) هەڵوێـست وەردەگـرێ بـەوەی دەیگەیەنێتـە بەرپرسـی سـەروو وە لەشـاری هـەولێر هـەمان ئـەو خاڵـەزۆرترین ڕێـژەی بەدەسـت دەهێنـێ کـە (37٪) ئـەوەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە بەشـێوەیەکی گشتی درکانـدنو نەشـاردنەوەی ئـەو توندوتیژیـەی دەرهەق بـەژنانی فەرمانبـەر دەکـرێ باشـترە لـە بێـدەنگبونیان ئەگـەر چـی ڕێـژەی بێدەنگ بونیش لەهەردوو شارەکە ڕێژەیەکی بەرچاوەو پێویستە بەهەند وەربگـیرێ چونکە لەهەردوو بارەکـەدا فـشاری دەرونـی کاریگـەری خـۆی دەبێـت لەسـەر ژنـانی کارکردوو.

خشتەی(22) هۆکاری بێدەنگ بوونی ژنانی فەرمانبەر گەر توندوتیژییان بەرامبەر کرا.

| هۆکاری بێدەنگ بوونی ژنانی فەرمانبەر کە توندوتیژییان بەرامبەرکرا | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| عەیبەوتانەوتەشەنە | 7 | 43,7 % | 10 | 31,2 % | 17 | 36,9 % |
| گواستنەوەم بۆشوێنێکیدیکە | 0 | 0% | 3 | 9,3% | 3 | 6,5% |
| هەڕەشەلەمانەوەم | 0 | 0% | 0 | 0% | 0 | 0% |
| نەبوونی لێپرسینەوەوسزا | 5 | 31,2 % | 11 | 34,3 % | 16 | 34,7 % |
| ڕق لێهەڵگرتن | 2 | 12,5 % | 5 | 15,6 % | 7 | 15,2 % |
| بڕواپێنەکردنم لەبەرئەوەی ژنم | 0 | 0% | 2 | 6,2% | 2 | 4,3% |
| لەدەستدانی کارەکەم | 0 | 0% | 1 | 3,1% | 1 | 2,17 % |
| هەمووی | 2 | 12,5 % | 0 | 0% | 0 | 0% |
| کۆیگشتی | 16 | 100 % | 32 | 100% | 46 | 100% |






خشتەی ژمارە(22) پەیوەستە بەڕێژەی (16٪) کە ژمارەی (16) ژنی فەرمانبەر پێك دەهێنێ لەشاری سلێمانیو (32) ژن لە شاری هەولێر بەوەی هەڵوێستی بێدەنگ بونیان هەیە سەبارەت بەو توندوتیژیانەی لەبواری کارکردندا ڕوبەڕویان دەبێتەوە بەوەی ڕێژەی (43,7٪) لەو ژنانەی شاری سلێمانی زۆرترین ڕێژە پێك دەهێنن کە عەیبەو تانەو تەشەنە هۆکاری ئەولەویەتیانە وە لەشاری هەولێردا نەبوونی لێپرسینەوو سزا زۆرترین ڕێژەی هۆکارەکان بەدەست دەهێنێ بریتییە لە ڕێژەی (34,3٪) کە هەریەك لەو دوو دەرئەنجامە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات نەبوونی هیچ یاسایەك یان سزایەکی ڕاستەقینە دەرهەق بەو پیاوانەی توندوتیژی پیادە دەکەن وا لەژنان دەکات گەر قسە کەریش بن هیچ دەرئەنجامێکی نابێت جگە لەعەیبەو تانەو تەشەنە نەبێت کە هۆکاری ئەولەویەتی ژنانی شاری سلێمانی بووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەلتوری کۆمەڵگە تەنها حوکم بەسەر ژناندا بداتو عەیبە دەخاتە پاڵیان وە لەهەمان کاتدا تاوانباری ڕاستەقینە فەرامۆش دەکات بەوەی کە پیاوانن کۆمەڵگەی ئێمەش بەڕوانگەیەکی پیاوسالارانە تەنها حوکم بەسەر ژناندا دەدەن. ئەمە سەرەڕای زۆری ئەو ڕێژەیە لەشاری هەولێردا بەبەراورد لەشاری سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ نزمی ئاستی هۆشیاری ژنانی فەرمانبەر لەو شارەدا سەبارەت بەدرك کردنیان بەو توندوتیژیان دەرهەقیان دەکرێت.

خـشتەی (23) ئامـادەیی ڕاسـتیەکان نیـشان دەدات لەلایـەن ژنـانی فەرمانبەرەوە کاتێك توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت

| ئامادەی ڕاستیەکان پیشان دەدات | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆیگشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | 78 | 78% | 94 | 94% | 172 | 86% |
| نەخێر | 22 | 22% | 6 | 6% | 28 | 14% |
| کۆیگشتی | 100 | 100% | 100 | 100% | 200 | 100% |




خشتەی ژمارە(23) ئەوە دەردەخات گەر بەنهێنی لێپرسینەوە لەژنانی فەرمانبەر بکرێت ئامادەن ڕاستیەکان بدرکێنن . زۆرترین ڕێژە لەهەردوو شاری سلێمانیو هەولێر وەلامیان بەبەڵێ داوەتەوە بەڕێژەی (٪78) لەشاری سلێمانیو (٪94) لەشاری هەولێر وەکەمترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکەش لەشاری سلێمانی کە بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە لە(٪22) لەشاری هەولێر (٪28) ئەویش ئەوە دەردەخات ژنانی فەرمانبەر ئەگەرچی زۆربەیان باوەڕیان بە بوونو پیادەکردنی توندوتیژی هەیە لەنێو فەرمانگەکاندا، بەڵام درکاندنی ئەو ڕاستیە بەهۆی چەندین هۆکارەوە کە لەخشتەی ژمارە(22) ڕوونکرایەوە لەبەردەم ژنان بۆ درکاندنی بەڵام لەهەمان کاتدا ئامادەییان تیدایە کە بەشێوەیەکی نهێنی باس لەبوونی ئەو دیاردەیە بکەن.

خشتەی ژمارە(24) ئاسەواری بەجێ هێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنانی فەرمانبەر

| چ جۆرە ئاسەوارێك بەجێ دەهێڵێت | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| دواکەوتنی ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگە | 37 | 33,03 % | 36 | 31,3 % |
| هەڵوەشاندنی بنەماخێزانیەکان | 21 | 18,7 % | 19 | 16,5 % |
| کاریگەری جەستەیی | 2 | 1,7% | 4 | 3,4% |
| دواکەوتنی ڕەوتی گەشەکردنی ژنان | 13 | 11,6 % | 18 | 15,6 % |
| پەشێوەی دەروونی | 22 | 19,6 % | 19 | 16,5 % |
| پەرەپێدانی گەندەڵی کۆمەڵایەتی | 17 | 15,17 % | 19 | 16,5 % |



خشتەی ژمارە(24) باس لەو کاریگەرییو ئاسەوارانە دەکات کە بەجێ دەمێنێ لەسەر ژنانی فەرمانبەر کاتێک توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت. کە زۆرترین ڕێژە لەهەردوو شارەکەدا لەدواکەوتنی ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگەدا خۆی دەبینێتەوە بەوەی ڕێژەی لە(٪ 33,03 ) لەشاری سلێمانیو لەشاری هەولێر (٪ 31,3 ) ڕێژە پێک دەهێنێ . لەکاتێکدا کەمترین ڕێژە ئاماژە بەکاریگەری جەستەیی دەکات لەهەردوو شارەکەدا بەڕێژەی (2٪) لەشاری سلێمانی وەلە (4٪) لەشاری هەولێر ئەوەش ئەوە دەردەخات ژنان توێژێکی گرنگی کۆمەڵگە پێک دەهێنن و بێگومان پێوەری گەشەسەندنی هەر کۆمەڵگەیەکشی بەپێوەری گەشەکردنی ژنانەوە دەبێت . بۆیە پیادەکردنی توندوتیژی بەرامبەریان کەکاریگەری دەخاتەسەر تواناکانیان لاسەنگی یان باڵانسی کۆمەڵگە تێک دەشکێنێ.... لەکاتێکدا کەمترین ڕێژەی کە لەکاریگەری جەستەییدا خۆی دەبینێتەوە دەرئەنجامێکی واقعیە بەوێنەی زۆرترین ڕێژەی توندوتیژی لەنێوفەرمانگەکاندا کە لەڕووی دەرونیەوە پیادە دەکرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ چونکە مەرج نیە زۆرجار ئەو توندوتیژیەو جیاکارییەی دەرهەق ژنان دەکرێت بینراوو بەرجەستەبێت بەڵکو چەندین شێوازی فێڵاوی دەدۆزرێتەوە لەلایەن کەسی پیادە کەرەوە بۆئەوەی گەر لێپرسینەوەشی لەئاستدا کرا بزانن خۆیان چۆن قوتار دەدات.

## خشتە(25)چارەسەر بۆکەمکردنەوەو نەهێشتنی توندوتیژی

| چارەسەر بۆکەمکردنەوەو نەهێشتنی توندوتیژی | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| بەرزرکردنەوەی ئاستی هۆشیاری پیاو | 10 | 8,5% | 18 | 18% |
| بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژنان | 10 | 8,5% | 2 | 2% |
| دانانی یاسای گونجاو | 31 | 26,5% | 11 | 11% |
| زیادکردنی ڕێژەی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیار | 0 | 0% | 9 | 9% |
| دانانی سندوقی سکاڵا لەسەرجەم فەرمانگەکاندا | 26 | 11,9% | 13 | 13% |
| هەمووی | 40 | 34,1% | 47 | 47% |



خشتەی ژمارە (25) ئاماژە بەو چارەسەرانە دەکات کە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بەژنانی فەرمانبەر بەوەی زۆرترین ڕێژە لەشاری سلێمانی(٪ 26,5) پێك دەهێنێ بەوەی دانانی یاسای گونجاو بەگرنگ دەزانێ لەکاتێکدا لەشاری هەولێر هەموو خاڵەکانی خشتەکە بەچارەسەر دەزانن زۆرترین ڕێژە پێك دەهێنن ڕێژەی(٪47) ئەمەش خاڵێکی واقعییە بەو پێیەی بوونی ئەو کێشەیە فرە هۆکارەو فرە لایەنە گرنگە بۆ ئەوەی هەریەکە لەئاستی خۆیدا ڕۆڵی هەبێت لە کەمکردنەوەو نەهێشتنی ئەو دیاردەیە بەپێی پلانێکی داڕێژراوی تایبەت بەخۆی لەلایەکی دیکەشەوە بوونی یاسای پێشکەووتو لەهەر وولاّتێکدا دەتوانێت زۆرێك لەکێشەکان کەم بکاتەوە لەکاتێکدا گەر پیادە بکرێت بێ جیاوازی لەئاستی مرۆڤەکاندا .

### خشتەی (26)کام لەم ڕۆڵە بەکاری ژنان دەزانی

| کام لەم ڕۆڵە بەکاری ژنان دەزانی | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کــۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماڵو منداڵ | 8 | 10% | 0 | 0% | 8 | 4% |
| کارکردن لەدەرەوەی ماڵ | 2 | 2% | 3 | 3% | 5 | 2,5% |
| هەردووکیان | 90 | 88% | 97 | 97% | 187 | 93,5% |
| **کۆیگشتی** | 100 | 100 % | 100 | 100% | 200 | 100% |




خشتەی ژمارە(26) ئاماژە بەکاری سـەرەکی ژنـانی فەرمانبـەر دەکـات بـەوەی زۆرترین ڕێژە لەهەردوو شارەکەدا پێیـان وایە بـەڕێوەبردنی مـاڵو پـەروەردەکردنی منداڵ لەلایەکو لەلایەکی دیکە کارکردن لەدەرەوەی ماڵ هەردووکیان پێکەوە ئەرکی ژنانە بەڕێژەی (88٪) لەشاری سلێمانیو (97٪) لەشاری هەولێر ئەمەش ئاماژەیە بەوەی ئەگەر چی گرنگە ژنـان لـەدەرەوە بـونی خۆیـان بـسەلمێننو ڕێخۆشـکردنو دەرفەتیان بۆ برەخـسێنرێت لەهـەمان کاتـدا بـەڕێوەبردنی مـاڵیش کـارێکی بێبایـەخ نیەو گرنگیەکی خۆی هەیە بەڵام نەك بەم بەرنامـەو شـێوازەی ئـەمڕۆ لەخێزانەکانـدا پیـادە دەکرێـتو بگـرە ئـەرکی ژنـانی فەرمانبـەری دوو هێنـدە کـردووە بـێ هـیچ ئاسانکاریەك لەلایەن خودی پیاوانەوە تەنانەت بێبوونی هیچ پلانی حکومەت بۆ کـەم کردنەوەی ئەو دووئەرکیەی لەسەر ژنان.

## خشتەی ژمارە (27) پاڵنەرە سەرەکیەکانی کارکردنی ژنانی فەرمانبەر

| پاڵنەرە سەرەکییەکانی کارکردنی ژنانی فەرمانبەر | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کـــــۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماددی | 8 | ٪8 | 7 | ٪7 | 15 | ٪7,5 |
| سەلماندن ڕۆڵی خۆی | 12 | ٪12 | 32 | ٪32 | 44 | ٪22 |
| هەردووکیان | 80 | ٪80 | 61 | ٪61 | 141 | 70,5 ٪ |
| | 100 | 100 ٪ | 100 | 010 ٪ | 200 | ٪100 |



خشتەی ژمارە( 27 )دەریخستوە ئەو پاڵنەرانەی وای لەژنانی فەرمانبەر کردووە بۆ کارکردن زۆرترین ڕێژە لەشاری سلێمانی (٪80) و لەشاری هەولێر(٪61)ی نموونەی توێژینەوەکە بۆ سەربەخۆیی ئابوری‌و سەلماندنی بوونی خۆیانە و کەمترین ڕێژەیەش لەهەردوو شارەکەدا پاڵنەری ماددییە کە لەشاری سلێمانی (٪8)و لەشاری هەولێر لە(٪7)ی ڕێژەکە پێک دەهێنێت ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە ژنان دەیانەوێت خاوەن ئابورییەکی سەربەخۆ بن وە لە هەمان کاتدا بوون‌و توانای خۆیان وەك ژن بسەلمێنن.

## خشتەی(28) هۆکارەکانی توندوتیژی لەنێوفەرمانگەکانی حکومەتدا

| هۆکارەکانی توندوتیژی لەنێو فەرمانگەکانی حکومەتدا | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لاوازی سیستمی گشتی سەبارەت بە فەرمانبەران بەگشتیو ژنان بەتایبەتی | 15 | 15% | 10 | 10% | 25 | 12,5 % |
| زاڵێتی دەسەڵات وعەقڵیەتی پیاوسالاری | 15 | 15% | 20 | 20% | 35 | 17,5 % |
| کەلتورو دابونەریتی کۆمەڵگا | 6 | 6% | 3 | 3% | 9 | 4,5% |
| ناهۆشیاری ژنان بە مافەکانیان | 6 | 6% | 13 | 13% | 19 | 9,5% |
| نەبوونی ووشیاری | 4 | 4% | 8 | 8% | 12 | 6% |
| لاوازی ڕاگەیاندن | 6 | 6% | 7 | 6% | 13 | 6,5% |
| نا هۆشیاری پیاوان بە مافەکانی ژنان | 8 | 8% | 13 | 13% | 21 | 1,5% |
| کەمی ژنان لە نێوەندی دەسەلاتدا | 10 | 10% | 2 | 2% | 12 | 6% |
| جیاوازی جێندەری | 3 | 3% | 2 | 2% | 5 | 2,5% |
| نەبونی یاسای تایبەت بە قەدەغەکردنی توندوتیژیو ئیجرائات | 10 | 10% | 10 | 10% | 20 | 10% |
| نەبوونی ئازادیژنان | 7 | 7% | 6 | 6% | 13 | 6,5% |
| نا ئارامی بارودۆخی سیاسیوئابووری | 3 | 3% | 3 | 3% | 6 | 3% |
| نەبونی لان ەیا سەنتەری جۆراوجۆر | 2 | 2% | 0 | 0% | 2 | 1% |
| سستی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان | 2 | 2% | 2 | 2% | 4 | 2% |
| هەموی | 3 | 3% | 1 | 1% | 4 | 2% |
| کۆیگشتی | 100 | 100% | 100 | 100% | 200 | 100% |




پاش ئەوەی لە خشتەی ژمارە (14) دا زۆرترین ڕێژەی ژنانی فەرمانبەر بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە کە دووچاری توندوتیژی دەبنەوە لە فەرمانگەکاندا خشتەی ژمارە(28) ئاماژە بە هۆکارەکانی پیادە کردنی ئەو توندوتیژییە دەکات بەوەی زۆرترین هۆکار لەشاری سلێمانی بە ڕێژەی (15٪) لە دوو خاڵدا خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش لاوازی سیستمی گشتی بۆکارکردنو زاڵێتی دەسەڵاتو عەقڵیەتی پیاو سالارییە لەکاتێکدا لەشاری هەولێرو زۆرترین ڕێژە (20٪) پێك دەهێنێو تەنها دەیگەڕێننەوە بۆ زاڵێتی دەسەڵاتو عەقڵیەتی پیاو سالاری . ئەمەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سیستمی نێو دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم پێویستیان بەپیادا چوونەوە هەیە لەڕووی ئەوەی توانای مرۆڤەکان ببێتە پێوەر بۆ چوونە پێشەوەی مرۆڤەکان لەو نێوەندانەدا .

خشتەی ژما رە (29) ژنانی فەرمانبەر لەكوێ دووچاری توندوتیژی دەبنەوە

| ژنانی فەرمانبەر لەكوێ دووچاری توندوتیژی دەبنەوە | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | كۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ماڵی باوك | 9 | 9% | 2 | 2% | 11 | 5,5% |
| ماڵی مێرد | 33 | 33% | 8 | 8% | 41 | 20,5% |
| هەردووكیان | 58 | 58% | 90 | 90% | 148 | 74% |
| كۆیگشتی | 100 | 100% | 100 | 100% | 200 | 100% |



خشتەی ژمارە (29) ئاماژە بەوە دەکات کەژنانی فەرمانبەرئەگەر چی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە لەنێو فەرمانگەکاندا بەلاَم لەهەمان کاتدا لەخێزانەکانیشیاندا وەك ئەوەی ڕەگەزی مێینەن دوچاری جۆرەکانی توندوتیژی دەبنەوە کەزۆرترین ڕێژە بەپێی نمونەی توێژینەوەکە ڕێژەی (58٪) لەشاری سلێمانیو ڕێژەی (90٪) لەشاری هەولێر ئاماژە بەماڵی باوکو ماڵی مێرد دەکەن واتە لەهەردوو لادا توندوتیژی بونی هەیە ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە عەقڵیەتو دابونەریتی کۆمەڵگەی ئێمە ڕێگە بەزاڵێتی دەسەلاَتی پیاو بەخشیوە بەوەی لەهەموو نێوەندەکانی ماڵودەرەوەی ماڵ پیادەی دەسەلاَتی خۆیان وەك نێرینەیەك بکەن و هەمیشە خۆیان بەزیاترو ژنانیش بەکەمتر لەخۆیان بزانن ئەویش جەخت لەبوونی توندوتیژی جێندەری دەکاتەوە لەسەرجەم کۆمەڵگەدا.

خشتەی ژمارە (30) ئەرکی ناساندنو بەرپرسیارێتی توندوتیژی دژ بە ژنانی فەرمانبەر

| ئەرکی ناساندنو بەرپرسیارێتی توندوتیژی دژ بە ژنانی فەرمانبەر | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| ڕاگەیاندن | 20 | 17,8% | 23 | 22,3% |
| ڕێکخراوەجۆربەجۆرەکانی ژنان کە کارلەو بوارەدا دەکەن | 32 | 28,5% | 44 | 42,7% |
| قەزاودادگا | 18 | 16,07% | 10 | 9,7% |
| پۆلیس | 7 | 6,2% | 0 | 0% |
| گرتوخانەکان | 4 | 3,5% | 1 | 0,09% |
| کارکردوانی بواری تەندروستی | 12 | 10,7% | 4 | 3,8% |
| کارکردوانی بواری دام ودەزگاکۆمەڵایەتیەکان | 14 | 12,5% | 20 | 19,4% |
| هەمووی | 5 | 4,4% | 1 | 0,09% |



خشتەی ژمارە (30) ئاماژەی بە (8) خاڵ داوە کەئەرکی بەرپرسیارێتیو ناساندنیان لەسەر بێ بەڵام لەدەرئەنجامدا زۆرترین ڕێژە لەهەردوو شارەکەدا بەئەرکی ڕێکخراوەکانی ژنان ئەزانن بەڕێژەی (28,5٪) لەشاری سلێمانی و (42,7٪) لەشاری هەولێر ئەمە لەکاتێکدا هەریەکە لەو خاڵانەش ڕێژەیەکی جیاوازی وەرگرتووە کەئاماژەیە بۆئەوەی ئەرکی ناساندنو بەرپرسیارێتی لەئەستۆی هەمواندایە بەپێی خشتەکە بەڵام بەئاستی جیاواز.

خشتەی ژمارە (31) منالّ لەخێزانێکی توندوتیژدا واتە چ کەسایەتیەکی توندوتیژی لێ بەدیدەکرێت

| منـدالّ لــەخێزانێکی توندوتیــژدا تاچەند کەسایەتیەکی توندوتیـژی لێدەردەچێ | سلێمانی | ڕێژە | هەولێر | ڕێژە | کۆی گشتی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | 53 | 53% | 68 | 68% | 121 | 60,5% |
| نەخێر | 2 | 2% | 0 | 0% | 2 | 1% |
| هەندێ جار | 45 | 45% | 32 | 32% | 77 | 38,5% |
| کۆی گشتی | 100 | 100 % | 100 | 100 % | 200 | 100% |



خشتەی ژمارە (31) ئاماژە بەوە دەکات کەزۆرترین ڕێژە لەشاری سلێمانی (53٪)و لە (68٪) لەشاری هەولێر بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە وەکەمترین ڕێژە بەنەخێر لەهەردوو شارەکەدا وەڵامیان داوەتەوە بەڕێژە (2٪) لەسلێمانیو لە (٪صفر) لەهەولێر ئەمەش ئەوە دەردەخات منداڵ گەر لەژینگە یان خێزانێکی توندوتیژدا پەروەردە بکرێت واتە پەیوەندی نێوان دایکو باوکو تاکەکانی خێزان توندڕەوانە بێت ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتی منداڵ بەدەر دەخات بەوەی ئەویش گەورەبوو کەسایەتیەکی توندڕەوی لێدەربچێ.

## گریمانەکان

گریمانە هەندێك بیری سەرەتایین کە لەلایەن توێژەرەوە دروست دەبێت لە ڕێگای تێبینی کردن‌و ئەزمونەوە ، ئەم بیرکردنەوانەش پێویستە شیاو بن بۆ تاقی کردنەوەی زانستی.

گریمانەش یارمەتی توێژەر دەدات لە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندی‌و کاریگەرییە ئاڵوگۆڕەی لەنێوان هۆکارو دیاردەکاندا بوونی هەیە.

گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیەش بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

1) بەدەر لەخێزان‌و کۆمەڵگە ژنانی فەرمانبەر ڕووبەڕوی جۆرەکانی توندوتیژی دەبنەوە لەدام‌و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا .

2) جیاوازی جێندەری دیاردەیەکی بەرچاوەو بوونی هەیە لەنێو دام‌و دەزگاکانی حکومەتدا.

3) جۆرەکانی توندوتیژی دژ بەژنانی فەرمانبەر ئاسەوارو کاریگەری خراپ بەجێ دەهێڵێ لەسەر بواری دەرونی‌و کۆمەڵایەتی ژنانی فەرمانبەر.

4) تێڕوانینی عەقڵیەتی پیاوسالاری بۆ سەر ژنانی فەرمانبەر هۆکارێکە بۆ پیادەکردنی توندوتیژی دژیان لەسەرجەم دام‌و دەزگاکانی حکومەتدا.

5) بوونی جیاوازی‌و پیادەکردنی توندوتیژی دژ بەژنانی فەرمانبەر دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی تواناو لاوازی داهێنان‌و سەرکەوتنی ژنان لەبواری کارکردنیاندا.

6) نەبوونی یاساو سزا نەدانی کەسانی پیادەکەری توندوتیژی هۆکارێکە لەئاستی بێدەنگ بوونی ژنانی فەرمانبەر گەر توندوتیژیان لەئاستدا کرا.

7) گێچەڵپێکردنی سێکسی کە جۆرێکە لە جۆرەکانی توندوتیژی کاریگەری خراپ دەخاتە سەر تواناو لێهاتووی ژنانی فەرمانبەرو پەراوێزی‌و قەتیسبوونی تواناکانی‌و گەشەنەکردن‌و بەرزبونەوەی بۆ پۆستە باڵاکان لەنێوفەرمانگەکاندا.

# بەشی دووەم

## ئەنجامەکان

## پێشنیاروچارەسەرەکان

## سەرچاوەکان

## پاشکۆکان

## ئەنجامەکان

1. ڕێژەی ژنانی فەرمانبەر کە ژیانی هاوسەرێتیان پێکهێناوە بەپێی نموونەی توێژینەوەکە واتە خێزاندارن بەگشتی(٪45)ە لەکاتێکدا ڕێژەی ئەوانەی سەڵتن لە هەردوو شارەکەدا دەگاتە(٪49) لە کاتێکدا ڕێژەی ئەوانەی بڕوانامەی بکالۆریۆسیان هەیە بەگشتی (٪34)ی نموونەی توێژینەوەکە پێك دەهێنێ.

2. توێژینەوەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە کارکردنی ژنان کاریگەری خستۆتە سەر وەچەخستنەوە بەشێوەیەکی ئیجابی بەشێوەیەك ڕێژەی ئەو ژنە فەرمانبەرانەی ئەندامانی خێزانیان لەنێوان (1-4 ) ڕێژەی (٪ 46 ) پێك دەهێنێ لەهەردوو شاری سلێمانیو هەولێر.

3. لایەنی ئابوری خێزانەکانی ژنانی فەرمانبەر لە هەردوو شارەکەدا ڕێژەی باشە کە (٪46,5)ە زۆرترین ڕێژەی لەخۆگرتووە ئەمەش هۆکارێکی گرنگە سەبارەت هاتنە دەرەوەی ژنان بۆ شوێنی کارکردن بە ڕێژەیەکی بەرچاو.

4. توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی جۆری پێکهاتەی خێزانی ژنانی فەرمانبەر بەگشتی بە رێکەوت بووە بە ڕێژەی(٪47,05)ی نموونەی توێژینەوەکە بەهەردوو شارەکەدا بەڵام پەیوەندی خۆشەویستی پلەی دووەمی جۆرەکانی ئەو پێکهاتەیەی پێکهێناوە لەهەردوو شاری سلێمانیو هەولێربە ڕێژەی(٪23,5).

5. توێژینەوەکە جەختی لەبوونی توندوتیژی وەزیفی کردووە کە ژنانی فەرمانبەر پێوەی دەناڵێنن کە ڕێژەی (٪86) ی هەردوو شارەکەی پێکهێناوە بەدەر لە پیادەکردنی جۆرەکانی توندوتیژی لەنێو خێزانو کۆمەڵگە کە ڕووبەڕوی ژنانی فەرمانبەر دەبێتەوەو بێگومان ئەویش ئاسەواری خراپی دەرونی بەسەر ژنانی

فەرمانبەردا بەجێ هێشتووە وەك دەریش کەوتووە بەشێوەیەکی گشتی لەهەردوو شارەکەدا دەبێتەهۆی دواکەوتنی ڕەوتی گەشە کردنی کۆمەڵگە بە ڕێژە(33,3٪ ) لەشاری سلێمانیو( 31,3٪ )لە شاری هەولێر.

6. توندوتیژی جێندەری شێوازێکی تری توندوتیژی وەزیفی یە کە بوونی هەیە بەشێوەیەك ڕێژەی بڵاوبوونەوەی بەگشتی 80٪ی نموونەی توێژینەوەکە پێك دەهێنێ بوونی ئەوەش کاریگەری دەخاتە سەر پەراوێز خستنی ژنان لەنێو فەرمانگەکانداو بەرزبونەوەیان بۆ پۆستە باڵاکانی فەرمانگەکان بەدەر لەوەی دەرفەتیش لەبەردەم ژنانی فەرمانبەردا کەم دەکاتەوە بۆ وەرگرتنی هەر پۆستێکی باڵا. بەو پێیەی زۆرترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکە ئەم هۆکارە دەخاتە ڕوو بەڕێژەی ( 42,2٪ ) لەشاری سلێمانیو ڕێژەی(38,6٪) لەشاری هەولێر بەپێی خشتەی (20)

7. توێژینەوەکە ئاماژەی بەبوونی جۆرەکانی توندوتیژی کردەوە بەوەی ڕێژەی (75٪) بەگشتی ژنانی فەرمانبەر ڕووبەڕوی توندوتیژی دەرونی دەبنەوە لە فەرمانگەکانی حکومەتدا ئەمەش یەکێکە لەو خاڵە ڕێخۆشکەرانەی وای لە پیاوان کردووە کە ڕێژەیان بەگشتی زیاتر بێ لە ژنان بەوەی پۆستی بەڕێوەبەریان وەرگرتووە بە ڕێژەی (81٪) لە هەردوو شارەکەدا بێگومان ئەوەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئەو بڕیارانەی کە تایبەتمەند دەبن بە ژنان بۆچوونە پێشەوەیان بەوەرگرتنی پۆستی گرنگ یان زۆربوونی ژمارەی دایەنگە لەنێو فەرمانگەکان لە کاتێکدا کەمترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە بە ڕێژەی (93٪) لەهەردوو شارەکەدا ئەوەش تێڕوانینی نایەکسانی پیاوانو ژنان دەردەخات بەوەی پیاوان کارکردنی ژنان بە کارێکی سانەوی لە کۆمەڵگەدا دادەنێن وەتێڕوانینی لە ئاستی پەرەپێدانو ڕاهێنانی ژنانی فەرمانبەر بەکوشتنی کاتو مەبەستی پارە وەرگرتن دادەنرێ وە جێی بایەخیان نابێت بەو پێیەی هەر کاتێك

بیەویَ ژنەکە تفرغ دەکات بۆ مالّو مندالّەکەیو شویَنەکەی بەجیَ دەهیَلّیَ بەدەر لەو لیَکدانەوەیـەی کـە متمانــە بــە ژنــان ناکــەن بۆئــەوەی ئیــدارەی پۆســتیَکی بــالاَ بەسەرکەوتوویی بکات.

8. ژنـانی فەرمانبــەر لـە نموونــەی تویَژینەوەکـەدا دەرکـەوتووە کـە ڕوبــەڕوی توندوتیژی خیَزانیش دەبنەوە کە لەلایەن پیاو یان باوكو براوە پیادە دەکریَ بەوەی لەهــەردوو شــارەکە ڕیَــژە(٪74)ی ژنــانی فەرمانبــەر لەلایــەن میَــردو مالّەباوکــەوە ڕوبەڕوی توندوتیــژی دەبنــەوە وە نــەبوونی ئــەو ڕیَژەیــەی کــە دەلّیَن توندوتیــژیمان بەرامبەر ناکریَ لەو نیَوەندەدا (٪سفر)ە .

9. دەرئەنجامــەکان جــەخت لــەوە دەکەنــەوە کــە دەســتدریَژی سیَکسی لــەنیَو فەرمانگەکانی حکومەتی هەریَمی کوردستاندا بە پلەی دووەمی توندوتیـژی دیَـت کـە دژ بە ژنانی فەرمانبەر پیادە دەکـریَ بـە ڕیَـژەی (٪34) لـە هەردووشـارەکەدا کـە خۆی لە غەزەلیاتو ئیعجابی ڕاستەوخۆو تانەو توانج لەسـەر جلوبـەرگو مکیـاج دا دەبینیَتــەوە جگــە لــە ســەیرکردنو دەســت بــۆ بــردنو داواکردنــی جــنس لیَــی بەشیَوەیەکی ناڕاستەوخۆ کە لەدەرئەنجامـدا کاریگـەری خراپـی دەرونـی لەسـەریان بەدەردەخات.

10. تویَژینەوەکە دەریخستووە کە لیَپرسراوانی فەرمانگەکانی حکومەت ئەو ژنە فەرمانبەرانەیان پیَ باشەو کاریان دەدەنـیَ کـە شـویان نـەکردبیَ واتـە (سـەلّت)بـن لەبەرئەوەی کیَشەو بەرپرسیاریَتیان کـەمترەو بایـەخی زیـاتر بـەکارکردن دەدەن وە ڕیَـژەی سـەلّتی لـەنیَو ژنـانی فەرمانبـەردا( ٪49) ڕیَـژەی لـەخۆگرتوە لەهـەردوو شاری سلیَمانیو هەولیَر.

11. نموونەی تویَژینەوەکە دەریخستووە کە پۆستە بالاَکان لەنیَو فەرمانگەکانی حکومەتی هەریمدا بەزۆری بە دەست پیاوانەوەیە چونکە (٪ 81 ) ی بەڕیَوەبەری فەرمانگـەکان پیـاوان پیَکدەهیَنن لەهـەردوو شـارەکەدا بۆیـە زۆربـەیان ئەولـەویاتو

لایەنگیری پیاوان دەکەن وەك لەهاتنە پێشەوەی پۆستێکی دیاریکراو یان کارێکی گرنگ یاخود سەفەرکردن...هتد

12. جەخت کردنەوەی توێژینەوەکە لەسەر ڕێخۆشنەکردنی دەرفەت لەبەردەم ژنانی فەرمانبەر لەلایەن بەرپرسانی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی پۆستی گرنگو بالاّ بەو پێیەی تێڕوانینیان بۆ ژنان لەکەمی توانا و لێهاتووی ژناندا دەبینرێتەوە بەدەر لە بێ متمانەیی پیاوان بەژنان. سەرەڕای پێخۆشنەبونی پیاوان بەوەی ژنان لێپرسراوێتیان بکات لەکاری وەزیفیدا.

13. لە تویژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە بەشێوەیەکی گشتی بەڕێژەی (80٪) جیاوازی لەگەڵ ژنانی فەرمانبەردا دەکرێت بەوەی تەنها مێینەن لەکاتێکدا هۆکارەکانی ئەو جیاکاریەش زۆرترین ڕێژەی لەهەردوو شارەکەدا لە زاڵێتی عەقلّیەتی پیاو سالاریدا خۆی دەبینێتەوە کە دەگاتە (47,5٪)ی ڕێژەی نموونەی توێژینەوە لە هەردوو شارکەدا.

14. توێژینەوەکە دەریخستوە کە پاڵنەرە سەرەکیەکانی کارکردنی ژنانی فەرمانبەر بەگشتی لەهەردوو شارەکە پاڵنەری مادیو سەلماندنی ڕۆڵی خۆی بەڕێژەی (70,5٪)ی زۆرترین ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە پێك دەهێنن، سەرەڕای ئەوەی ژنانی فەرمانبەر پێیان وایە کە کارکردن لە دەرەوەی ماڵو پەروەردەکردنی ماڵومنداڵ هەردووکی بەکاری ژنانیش دادەنرێ بەڕێژەی (93,5٪) لەهەردوو شاری سلێمانیو هەولێر.

15. نموونەی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ژنانی فەرمانبەر لەکاتی پیادەکردنی توندوتیژی دژیان دوو جۆر هەڵوێست وەردەگرن ئەوەش بێدەنگ بوونە بەڕێژەی(48٪)ی هەردووشاری سلێمانیو هەولێر، لەکاتێکدا هۆکاری بێدەنگ بوون لەو ڕێژەیەشدا گەڕاوەتەوە بۆ زۆر هۆکار گرنگترینیان بەشێوەیەکی گشتی لەهەردوو شارەکە عەیبەو تانەو تەشەنەیە بەڕێژەی (36,9٪) هەروەها نەبوونی

لێپرسینەوەو سزای یاساییە بە ڕێژەی(٪34,7) لەکاتێکدا ڕێژەی (٪86)ی نموونەی توێژینەوەکە بەگشتی ئامادەن ڕاستیەکان بەشێوەیەکی نهێنی باسی لێوەبکەن.

16. بێدەنگ بوونی ژنانی فەرمانبەریش لە ئاستی ئەو توندوتیژییەی بەرامبەریان دەکرێ ڕێژەیەکی بەرچاوە بەوەی (٪48)ی ڕێژەی گشتی پێك دەهێنێ بێگومان کە ئەوەش هۆکاری زۆری لێکەوتۆتەوە.

17. نموونەی توێژینەوەکە دەریخستوە کە ناساندنو بەرپرسیارێتی توندوتیژی بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی ڕێکخراوەکانی ژناندایە بەڕێژەی ٪33,5 لەهەردوو شارەکەدا.

18. توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی چارەسەر بۆ کەم کردنەوەی دیاردەی توندوتیژی لەنێو فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە پلەی یەکەم بەدانانی سندوقێکی سکاڵا دەبێت لەسەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتدا بەڕێژەی (٪43,5) لەهەردوو شاری سلێمانیو هەولێر.

19. توێژینەوەکە دەریخستوە کە مندالْ گەر لە ژینگەیەکی توندوتیژدا پەروەردە بکرێ کەسایەتیەکی توندوتیژی لێ دەردەچێت وەك ئەوەی بەگشتی ڕێژەی (٪ 60,5)ی نموونەی توێژینەوەکەی پێکهێناوە.

# پێشنیارەکان

1) بایەخدان بەتوێژینەوەی زیاتر تایبەت بە دیاردەی توندوتیژی وەزیفی لەنێو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوون لە دەرخستنی راستیەکانو کەم کردنەوەی لەو نێوەندەدا.

2) لێکۆڵینەوەی هەر جۆرێك لە جۆرەکانی توندوتیژی وەزیفی دژ بە ژنان لەنێو فەرمانگەکانی حکومەتدا لە لێکۆڵینەوەیکی سەربەخۆدا.

3) پیاچوونەوەو گۆڕینی سەرجەم ئەو یاسایانەی کە ژنان دەپارێزن لەو توندوتیژییەی ئاراستەیان دەکرێ لە بوارەکانی کارکردندا.

4) رێکخستنی خولی ڕاهێنانی جۆراوجۆر بۆ هۆشیارکردنەوە لەبواری مافە یاساییەکانی ژناندا لەبواری کارکردنداو چۆنیەتی پیادەکردنی.

5) هاوکاری کردن لە گۆڕینی ئەو ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتیە باوەی لەئاستی مافی ژناندا هەیە لەڕێگەی کۆڕو سیمینار کە باس لەڕۆڵی ژنانو گرنگی بوونی لەبوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کارکردندا ڕوون بکاتەوە.

6) بەگەڕخستنی خولی ڕاهێنان لەسەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی دەستدرێژی سێکسی بۆ ژنانی فەرمانبەر لە ژینگەی کارکردندا.

7) دانانی سندوقی سکاڵا لەسەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تایبەت بەو ژنە فەرمانبەرانەی دووچاری توندوتیژی دەبنەوەو ناتوانن بەهۆی هۆکاری جۆراوجۆرەوە بیدرکێنن بە ئاشکرا وە ڕەچاو کردنی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت لە ئاستی بەرزترین دەسەڵاتی هەر پارێزگایەکدا.

8) کردنەوەی لانەی تایبەت بەو ژنانەی بەگشتی هەڕەشەی توندوتیژیان لەسەرە لەلایەن خێزانو کۆمەڵگەوە لەگشت ناوچەو پارێزگاکاندا بەشێوەیەك

لەلایەن حکومەتەوە بەرنامە ڕێژی سەرپەرشتیکردنی بکرێت بە تەرخان کردنی بودجەو کادری پسپۆر بەرێنمایی کردنیان لە گشت بوارە کۆمەلآیەتی،دەروونیو یاسایییەوە...هتد.

9) گرنگێتی بوونی سەنتەری تایبەت بەگرتنە ئەستۆی کێشەکانی ئەو ژنانەی دووچاری توندوتیژیو هەڵسوکەوتی توندڕەوانە دەبنەوە بەدەر لە کارکردن لەسەر ڕاهێنانیان لەڕووی دەرونیەوەو هاوکاری کردنیان بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانیان بەهۆی ئەو توندوتیژییە لەنێوخێزانو کۆمەڵگەدا بەسەریاندا دێت.

10) دامەزراندنی دادگایەکی ئیداری بۆ لێپێچینەوەو دادگایی کردنی سەرجەم ئەو کەسانەی توندتیژی پیادە دەکەن لە فەرمانگەکانداس.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی

1- د.روئیا تلوعی.هەرگیز لە ژن بوونم پەشیمان نیم,کۆ ووتار.سلێمانی 2005_ چاپخانەی سەردەم ژ 304.

2- شۆڕش محمد حسێن،جەلاد ستەم دەکات قوربانی لۆمە دەکرێت-ساڵی 2005-چاپخانەی تەوار- ژ 133 بلاۆکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان.

3- نەتەوەیەکگرتووەکان-جیاکاری دژی ژن-بلاۆکراوەکانی ڕێکخراوەکانی ASK -چاپی دووەم.

4- کنێر عەبدوڵلا،پێگەی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا-توێژینەوەیەکی زانستییە لە بلاۆکراوەکانی یەکێتی ژنانی کورردستان ساڵی 2005.

5- توندوتیژی خوێندنگە لەسەرخوێندکار لە قۆناغی ناوەندی کوڕاندا- توێژینەوەیەکی کۆمەلآیەتی دەروونی مەیدانیە لەشاری سلێمانی-ئایاری 2004.

6- پەیتەر کلۆس، ئەنترۆپۆلۆجی کلتوری-چاپخانەی بەدەرخان چاپی یەکەم-ساڵی 2002 سلێمانی.

7- بەرهەمی ژمارە (4)ی هۆشیاری مافەکانی مرۆڤ شێوازەکانی نەهێشتنی ئەشکەنجەدان، چاپخانەی دێکان- سلێمانی2005.

8- کنێرعەبدوڵلا، ژن لەبازنەیەکی داخراودا-چاپخانەی تەوار ساڵی 2005.

9- شیرین عبادی، مافەکانی ژنان لەیاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، کتێبخانەی گەنجینەی زانستی.

10-شەهلا دەباغی، وتاری دەسەلآتو جنس لا153.

11-ئاوات محمد، توندوتیژی خێزانی-بلآوکراوەکانی ڕێکخراوی ئاسوودە چاپی 2003 ژ (6).

12-هادی محمود،توندوتیژی دژی ژنان، ڕێکخراوی ئاسوودە،دەزگای چاپوپەخشی سەردەم-ژ (30) سالی 2002- وەرگێڕانی جمیلە محمود.

13-ئالیسیا دلتاڤو،توندوتیژی خێزانی،بلآوکراوەکانی ڕێکخراوی ئاسوودە، چاپخانەی ڕەنج بەوەرگێڕانی ئاوات محمد ژ (83) سلێمانی 2002.

14-کازیوە صالح،ژنی کورد لەدەروازەی هەزارەی سێهەمدا-کۆمەلە ووتار-سالی2002 چاپی سەردەم.

15-ڕووناك فرج،هانا شوان، زنجیرەیەك لە تراژیدیای تاوانەکانی دژ بەژنان - بلآوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان.

16-مەلبەندی هیوا بۆفێرکردنو ڕاهێنان- چەند دانەیەك لەهۆشیاری یاسایی،هەولێر-بەرگی یەك سالی2001.

17-ئەکرەم میمزاد،جیهانی فیمینیزم-بلآوکراوەکانی سەنتەری ڕاگەیاندنو ڕووناکبیری ژنان-سلێمانی2003.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

1- جارى–فرانس هيريجويان:التحرش الاخلاقى العنف اليومى الفساد،ترجمة سهيل حمد ابو فخر، منشورات دار علا الدين ، ديمشق–الطبعة الاولى 2006 .

2- عبدالناصر حويز،الارهاب سياسي،دراسة تحليلية، الطبعة الاولى 1996.

3- د.ليلى عبدالوهاب: العنف الاسرى الجريمة والعنف ضدالمرأة، دار المدى للثقافة والنشر 1994–2000،بيروت.

4- أسماء جميل رشيد:العنف الاجتماعي (دراسة لبعض مظاهرة في المجتمع العراقي)، رسالة ماجستير بغداد،1992.

5- د.أمل سالم العواوده ،العاملة ملخص الدراسة الوطنية حول العنف ضد المرأة من محافظة الاردن الطبعة الأولى 2002.

6- كاميليا عبد الفتاح: سيكولوجية المرأة العاملة، مكتبة القاهرة الحديثة، الطبعة الأولى 1972.

7- مليحة عوني القصير و صيح عبد المنعم احمد:علم الاجتماع العائلي مطبعة بغداد .

8- البروفيسور دينكن ميتشيل: معجم علم الاجتماع،ترجمة ومراجعة د.إحسان محمد الحسن،دار الطليعة، الطبعة الثانية سنة 1986.

9- رائدة الزغبي:القضاء على التميز ضد الفتيات والنساء في العالم العربي– يوسف – عمان.

10-الامم المتحدة: العنف ضد المرأة ،تقرير المؤتمرالعالمى الرابع المعني بالمرأة سنة 1995 م بكين.

11-يحيى حجازي واخر:العنف المدرسي،2003.

12-عبد السلام بشير الرويبى،العنف العائلي و الأبعاد السلبية والاجرأت الوقائية و العلاجية.

13-حلمي ساري:الاثار النفسية والاجتماعيةو الاقتصادية للعنف الأسري على المرأة والمجتمع العملي.

14-حنة ارندت: في العنف،ترجمة إبراهيم العربي،دار الساقي،الطبعة الأولى 1992- عمان.

15-عنان حمدان: ايذاء الإناث في الأسرة الفلسطينية، رسالة ماجستير،الجامعة الأردنية 1996-عمان.

16-هند ابو السعود خطاب: المعاناة الصامتة جوانب من الظروف الاجتماعية المحيطة بصحة المرأة الإنجابية في ريف مصر ،اليونسيف-عمان.

17-د. أمل سالم العواودة:العنف ضد الزوجة في المجتمع الأردني ،دراسة اجتماعية من محافظة عمان، الطبعة الاولى- مكتبة الفجر-الاردن 2002.

18-وهيب مجيد الكبيسى و د.يونس صالح الجنابى: طرق البحث في العلوم السلوكية، مطبعة التعليم العالي- بغداد الجزء الأول 1987.

## گۆڤارەکان

1- ڕەنج جەعفەر ئەحمەد: گۆڤاری مەدەنیەت-دونیای ئیسلامو کەلتوری توندوتیژی- ئابو ئەیلولی 2003 ژ 150.

2- پەیمان عزالدین:هزر، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری مەعریفی وەرزیە-مەڵبەندی ڕۆشنبیری هیوا ژمارە (2) ساڵی 1999.

3- ئاوات محمد،گۆڤاری تەوار- کاتێك توندوتیژی لە ممارسەکردندا دەگاتە فەنتازیکردن-ژ (13) ساڵی 2004 چاپخانەی تەوار.

4- چارلوەیخ،گۆڤاری سەردەم توندوتیژی ژنانو کچان، وەرگێڕانی تۆفیق عبدول،تشرینی یەکەم ساڵی 1999 ژ (10).

5- العنف والتميز الجندرى ضد المرأة العالمية- مجلة فكرية ثقافية أدبية.

6- نازل سابايارد: المرأة والعنف الممارس عليها، أبواب مجلة فصلية عربية تعنى بالأفكار والثقافة ،دار الساقي 1998-لندن.

## توندو تیژی دژبە ژنان لەناو فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستاندا

زانیاری گشتی

1- تەمەن: 20 خوارتر ☐ 20 – 25 ☐ 25 – 30 ☐

30 – 35 ☐ 35 – 40 ☐ 40 – سەروو ☐

2- شوێنی لەدایك بوون: شار ☐ لادێ ☐ ناحیە ☐ قەزا ☐

3- شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێستا: شار ☐ لادێ ☐

ناحیە ☐ قەزا ☐

4- شوێنی نیشتەجێ بوون: موڵك ☐ کرێ ☐

5- ئاستی خوێندن:

نەخوێندەوار ☐ خوێندن و نوسین ☐ سەرەتایی ☐

ناوەندی ☐ ئامادەیی ☐ پەیمانگا ☐

بکالوریوس ☐ بکالوریوس و سەرووتر ☐

6- باری کۆمەڵایەتی: سەڵت ☐ خێزاندار ☐ بێوەژن ☐

- ژمارەی ئەندامانی خێزان: 1 – 4 ☐ 5 – 9 ☐

10 – 14 ☐ 15 – سەرووتر ☐

7- باری ئابووری خێزان: باشە ☐ مامناوەند ☐ خراپە ☐

8- تەمەنی چوونە ناو ژیانی هاوسەرێتی:

خوار 18 ساڵ ☐ 18-22 س ☐ 22 -26 س ☐

26-30 ساڵ ☐ 30- سەرووت ☐

9- ماوەی ژیانی هاوسەرێتی: 1ساڵ کەمتر ☐ 1- ☐

10-5 ☐ 5-10 ☐ 15- سەروو ☐

10 جۆری پێکهاتەی ژیانی هاوسەرێتی:

خزم ☐ پەیوەندی خۆشەویستی ☐ بەزۆر ☐ بە رێکەوت ☐

**زانیاری تایبەت بە ئامانجی توێژینەوە:**

1- ئایا بەڕێوەبەری فەرمانگەکەت کامیانە: ژن ☐ **پیاو** ☐

2- لەفەرمانگەکەتاندا دایەنگە هەیە: **بەڵێ** ☐ **نەخێر** ☐

3-ئایا ژنان لەشوێنی کارکردنیاندا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە؟

**بەڵێ** ☐ **نەخێر** ☐

4-گەر (بەڵێ)یە ڕووبەڕووی چ جۆرە توندوتیژییەك دەبنەوە؟

**دەروونی** ☐ **جەستەیی** ☐ **گێچەڵی سێکسی** ☐

5-لەلایەن کێیە دووچاری توندوتیژی دەبنەوە لە شوێنی کارکردنیاندا؟

**بەرپرسی یەکەم** ☐ **بەرپرسی بەش** ☐

**پیاوانی فەرمانبەر** ☐ **هاولاَتی ژنانی فەرمانبەر** ☐

6-لەکاتی ئەنجامدانی هەر کارێکدا جیاوازی لەگەڵ ژناندا دەکرێ بەوەی تەنها کەمێینەیە؟ **بەڵێ** ☐ **نەخێر** ☐

7-گەر (بەڵێ)یە بوونی ئەو جیاوازیە دەگەڕێتەوە بۆچی؟

**زاڵێتی عەقڵیەتی پیاو سالاری** ☐ **بێ متمانەیی بە لێپرسراوێتی ژن** ☐

**بێتوانایی ژنان** ☐ **تەنها لەبەر ئەوەی مێینەیە** ☐

8- بەڕای بەڕێزت زیاتر دەرفەتی کارکردن دەخرێتە کام لەم ژنانە:

**شووی نەکردبێ** ☐ **شووی کردبێ و بێمناڵ بێ** ☐

**شووی کردبێ و مناڵدار بێ** ☐

9-کەمی ڕێژەی ژنان لە پۆستە بالاَکانی فەرمانگەکانی حکومەتدا دەگەڕێنیتەوە بۆ چی؟

بێ متمانەی بەتوانای ژنان ☐ بەتوانایی پیاوان زیاتر لە ژنان ☐
ڕێخۆش نەکردنی دەرفەت لەبەردەم ژنان لەلایەن پیاوانەوە ☐
ململانێی حزبایەتی ☐ خودی ژنان خۆی ☐

10- گەر توندوتیژیت بەرامبەر کرا لەشوێنی کارکردندا چ هەڵوێستێك وەردەگریت؟
بێدەنگ دەبم ☐ ناڕەزای دەردەبڕم ☐
دەیگەیەنمە بەرپرسی سەروو ☐ وازلەکاردێنم ☐ هی تر ☐

11- چی وات لێدەکات بێدەنگ بیت بەرامبەر بەو توندوتیژییەی لەبواری کار کردنتدا بەرامبەرت دەکرێت؟
عەیبەو تانەو تەشەنە ☐ گواستنەوەم بۆ شوێنێکی دیکە ☐
هەڕەشە لەمانەوەم ☐ نەبوونی لێپرسینەوەو سزا ☐ ڕق لێهەڵگرتن ☐
بڕواپێنەکردنم لەبەر ئەوەی ژنم ☐ لەدەستدانی کارەکەم ☐

12- گەر بەنهێنی لێپرسینەوەت لەگەڵدا بکرێ ئامادەی ڕاستیەکان بڵێی کە توندوتیژیت بەرامبەر کراوە لەلایەن هەرتاکێکی فەرمانگەکەتەوە بێت؟
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

13- توندوتیژی دژ بەژنان چ جۆرە ئاسەوارێك بەجێدەهێڵێ ؟
دواکەوتنی ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگە ☐
هەڵوەشاندنەوەی بنەما خێزانیەکان ☐ کاریگەری جەستەیی ☐
دواکەوتنی ڕەوتی گەشەی ژنان ☐ پەشێوی دەروونی پەرەپێدانی گەندەڵی کۆمەلآیەتی ☐

14-چی بکرێت بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەژنان لەنێو فەرمانگەکاندا ؟

بەرزکردنــەوەی ئاســتی هۆشــیاری پیــاو بــەرز کردنــەوەی ئاســتی هۆشیاری ژنان دانانی یاسای گونجاو زیـاد کردنـی ڕێـژەی ژنـان لـە ناوەنـدەکانی بڕیـار دانـانی سـندوقی سـکالا لەسـەرجەم فەرمانگەکانـدا هەمووی

15-کام لەم ڕۆڵە بەکاری ژنان دەزانی؟ ماڵو مندا

کارکردن لەدەرەوەی ماڵ هەردووکیان

16-پاڵنەرە سەرەکیەکانی کارکردنی ژنان لەدەرەوەی ماڵ لە چیدا دەبینیتەوە؟

مادی سەلماندنی ڕۆڵی خۆی هەردووکیان

17- بـەڕایی بـەڕێزت هۆکـاری توندوتیـژی لـەنێو فەرمانگـەکانی حکومەتـدا دەگەڕێتەوە بۆچی؟

لاوازی سیستمی گشتی سـەبارەت بـە فـەرمانبـەران بەگشتیو ژنـان بەتایبـەتی

زاڵێتی دەسەلاتو عەقلیەتی پیاو سالاری کەلتورو دابونـەریتی کۆمـەڵگا

ناهۆشـیاری ژنـان بەمافـەکانیان نـەبوونی هۆشـیاری لاوازی ڕاگەیانـدن

ناهۆشـیاری پیـاوان بەرامبـەر مافـەکانی ژنـان کـەمی ژنـان لەنێوەنـدەکانی دەسـەلاتو بڕیـار جیـاوازی جێنـدەری نـەبوونی یاسـای تایبـەت

بەقەدەغـــەکردنی توندوتیـــژیو ئیجرائـــات نـــەبوونی ئـــازادی ژنـــان

نائارامی بارودۆخی سیاسیو ئابووری نەبوونی لانە یان سـەنتەری جۆراوجـۆر

سستی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان

18- جگـە لەشـوێنی کـارکردن ژنـان لـەکوێی تـر ڕووبـەڕووی جۆرەکـانی توندوتیژی دەبنەوە؟ باوک مێرد هەردو

19- بەڕای بەڕێزت ناساندنو بەرپرسیارێتی توندوتیژی لەئەستۆی کێدایە؟

ڕاگەیاندن ☐ ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی ژنان کەکار لەوبوارەدا دەکەن ☐

قەزاودادگا ☐ پۆلیس ☐ گرتوخانەکان ☐ کـارکردوانی بـواری

تەندروستی ☐ کارکردوانی بواری دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان ☐

20- ئەو منداڵەی لە خێزانێکـی توندوتیـژدا پـەروەردە دەبێـت کەسـایەتیەکی توندوتیژی لێدەردەچێت؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐ هەندێ جار ☐